## ١٠٠ ساڵە ڕێککەوتنێکی شووم دەوڵەتی کوردستانی دواخستووە

# هەتا مەرگی سایکس پیکۆ ڕانەگەیەندرێت، داعش کۆتایی نایەت



مسرور بارزانی*:

# ریفراندۆم ئەنجامدەدەین وەک هەنگاوێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و جیابوونەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە عێراق



عێراق وەک دەوڵەتێکی شکستخواردوو خەڵکەکەی کە هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان بە یەکەوە نەبوو، بە زۆر ئاخنرانە نێو وڵاتێکەوە و رووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار کرانەوە، ئێستاش کاتی ئەوەیە دان بەوەدا بنێین کە ئەزموونەکە سەرکەوتوو نەبوو، مانەوەشمان لە چوارچێوەی عێراقدا بەردەوام مەحکوممان دەکات بە بەردەوامبوونی ناکۆکی و دوژمنایەتی.

•

لە هاوینی ٢٠١٤ عێراق تووشی مەترسی و شەمەزاری هات، کاتێک گرووپی تیرۆریستی داعش دەستی بە سەر یەک لە سەر سێی وڵاتدا گرت کە بەشێکی گەورەی لە سنووری عێراق و سووریا بوو. سوپای عێراق کە یەکێک لە دامەزراوە باوەڕپێکراوەکان بوو، نەیتوانی وڵاتەکە بپارێزێت.

•

پێکەوەژیانی زۆرەملێیانە سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە هەرێمی کوردستانی عێراق ریفراندۆم ئەنجام دەدات کە هەنگاوێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و میکانیزمێکیشە بۆ جیابوونەوە لە بەغدا و دابینکردنی ئاسایشی ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدان کە نیشتمانی گەلی کوردە.

●

ئەم هەنگاوە نەک تەنیا ئومێد و هیوا بە گەلی کورد دەبەخشێت، بەڵکو سەقامگیریش لەو ناوچە دابەشکراوەدا دێنێتەدی. ئێمە سەلماندوومانە کە دەکرێ هاوپەیمانی جێی متمانەی زۆرێک لە وڵاتە دراوسێکانمان بین. ئێمە بەردی بناخە و هێزی سەرەکیی شەڕی دژی داعشین و میوانداری هێزی سەربازیی لانیکەم دوازدە وڵاتیش دەکەین.

●

ئێمە ئێستا لە دەروازەکانی موسڵین و ئامادەین بۆ گێڕانی رۆڵێکی سەرەکی لە دەرپەڕاندنی داعش لە دووەم گەورەترین شاری عێراق. لە دوو ساڵی رابردووشدا پێشوازیمان لە سەدان هەزار ئاوارە کردووە. هەرێمی کوردستان ئێستا باوەشی بۆ ژمارەیەکی زۆری مەسیحی کردووەتەوە کە لە موسڵ و بەغدا رایانکردووە و حکومەتی بەغداش نەیتوانی بیانپارێزێت.

●

هەر کەسێک لە سەر کورسیی دەسەڵات بووبێت لە عێراق، لە بەڵێنەکانی بەرامبەر کورد پەشیمان بووەتەوە و ئیلتیزاماتە دەستوورییەکانیان پشتگوێ خستووە. بە کورتی هیچ متمانەیەک لە نێوان ئێمە و حکومەتی ناوەندیدا نییە و پێوەندییەکانمان زۆر دژبەیەک و لەیەک دوورن.

چارەسەرەکە لە بەغدایە. ئێمە هەموو هەوڵێکمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی داوە و هیچیان سەریان نەگرتووە، تاکە چارەسەر جیابوونەوەیە، بۆیە دەمانەوێ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بکەین. بەڵام لە سەرەتادا پێویستە گفتوگۆ و کار لەگەڵ بەغدا بکەین بۆ رێگەخۆشکردن بۆ جیابوونەوەیەکی دۆستانە و هێمنانە کە ئەمەش لە بەرژەوەندی هەردوولاماندایە. پرۆسەکە دەستی پێکردووە و چین و توێژێکی بەرفراوانی کورد پشتگیری لێدەکەن. لەگەڵ تورکیا وئێرانیش قسە دەکەین بۆ روونکردنەوەی ئەوەی، ئەم هەنگاوە ئاسایش و سەقامگیریی سنوورەکان تێکنادات. ئێمە بە توندی لەو باوەڕەداین کە ئەم هەنگاوە بە هەمانشێوە لە خزمەتی دۆستەکانمان دەبێت لە ناوچەکەدا.

●

کوردستانێکی سەربەخۆ کە خاوەنی چەک و تەقەمەنی بێت بۆ بەرگری لە خۆکردن، زیاتر دەتوانێ بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکانی و خەڵکی ناوچەکە بپارێزێت. پێوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا ئاستەنگی بۆ ئێمە دروستکردووە لە دەستگەیشتن بە چەک. ئێمە چەکی پێشکەوتوومان بە دەست ناگات، چونکە دەبێ لە رێگەی حکومەتی بەغداوە بێت. سەربەخۆبوونی کوردستان یارمەتیمان دەدات کە قەرزی ماوەدرێژ وەربگرین و رێککەوتن لەگەڵ بازاڕی جیهانی بکەین و نەوت و گاز بە نرخێکی کێبەڕکێکار بفرۆشین بۆ سووککردنی قەیرانی داراییمان.

●

کاتی ئەوە هاتووە دان بەوەدا بنرێت کە مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی شکستخواردوو، کارێکی دەبەنگانەیە.

ئێمە مافی بڕیاردانی چارەنووسمان هەیە و سەلماندوومانە کە بە بێ ئەوەی دەوڵەتیشمان هەبێت، پێکهاتەیەکی گرنگ و بەهادار بووین بۆ کۆمەڵگەی نێودەولەتی، هەروەها هاوپەیمانێکی زۆر جێی متمانەبووین لە ناوچەیەکدا کە جێگیربوونی تێدا کەمە، ئێمە ئامادەین وەکو دەوڵەتێک ببینە بەشێک لە کۆمەڵگەی نێودەلەتی .

●

*چەند پەرەگرافێک لە وتاری مسرور بارزانی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کوردستان کە رۆژی ٥ی ئایاری ٢٠١٥ لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوکراوەتەوە.

**بەرگریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرپەرچدانەوەی داعش و پیشاندانی ئیرادەیەکی ئەوتۆ بەوەی تەنیا هێزە لەسەر زەوی کە دەتوانێت هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و تێکیان بشکێنێت، پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش دروست کردووە**

**چارەسەر دەستبەرداربوونە لە پیرۆزیی سنوورەکانی سایکس پیکۆ، تەنیا رێگەشە بەبێ ئەوەی هاوپەیمانی دژی داعش و ئەمەریکا ئەو هەموو هەوڵەی هەیانە بیخەنەگەڕ، خەلافەتی ئیسلامی کۆتایی پێدێت و فیکری داعشیش لە ریشەوە هەڵدەکێشرێت**

لە مانگی ئایاری ئەمساڵ ١٠٠ ساڵی تەواو بەسەر ئیمزاکرادنی رێککەوتنی سایکس پیکۆ-دا تێدەپەڕێت، ئەو رێککەوتنەی بۆ دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان (بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا) دارێژراوە، ئەو سنوورە دەستکردانەی بۆ دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کێشراون، بێجگە لە رەچاوکردنی بەرژەوەندیی نێوان هەر سێ دەوڵەتی بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا، بە هیچ جۆرێك تایبەتمەندی و زمان و کەلتووری نەتەوەکانی ئەو ناوچەیەیان لەبەر چاو نەگرتووە.

رێککەوتنی سایکس پێکۆ کە تەواوکاری رێککەوتنی قوستەنتەنییە-ی ساڵی ١٩١٥یە لە نێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا، بەپێی رێککەوتنی قوستەنتەنییە، پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و نۆ کەندی جیۆستراتیژی گرنگی تورکیا بدرێتە رووسیا، فەرەنساش سووریا و قەلقیلیەی پێبدرێت، بەریتانیاش قوبرس بەرێت بۆخۆی و میسریش بخاتە ژێر پارێزگای خۆیەوە. بەڵام ساڵی دواتر واتە لە ١٩١٦ و لە چوارچێوەی رێککەوتنی سایکس پیکۆدا، نەخشەیەکی دیکە دارێژرا، بەپێی ئەو رێککەوتنە رووسیا چەند شارێکی ئەرمەنی لە ئاسیای بچووك و چەند شارێکی کوردانی لەناو تورکیای ئێستا پێدرابوو، فەرەنساش ویلایەتی موسڵ و بەشێك لە خاکی تورکیا کە دەکاتە شاری ئامەدی ئێستا، هەروەها سنوورەکانی درێژ دەبووە تا ئەو شوێنەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن لوبنان، بەریتانیاش بەشێکی زۆری میزۆپۆتامیا و بەغدا و هەروەها حەیفا و عەکاشی بەرکەوت، لەکاتێکدا وا بڕیار بوو کە فەلەستین بخرێتە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە، هەر لەو رێککەوتنە وابڕیار درابوو، کە بەندەری ئەسکەندەریە، بەندەرێکی ئازاد بێت، یان ببێتە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی، یان دەوڵەتێکی سەربەخۆی بەتەنیا بێت.

دیارە رێککەوتنی سایکس پیکۆ-ی ساڵی ١٩١٦، لە دوای شەڕ وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، دەوڵەتی تورکیای ئێستا، کە بەپێی رێککەوتنی سایکس پیکۆ بوونی نییە و دابەشکراوە لە نێوان فەرەنسا و رووسیا و بەریتانیا، دوای شەڕ تورکەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك، توانییان تورکیای هاوچەرخ بەم سنوورەی ئێستایەوە دابمەزرێنن و بەشێکی زۆری نەخشەکەی ١٩١٦ی سایکس پیکۆ بگۆڕن. ئەو بەشەی ویلایەتی موسڵ کە درابووە فەرەنسا، لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکرا و پاشان بە پێکەوە گرێدانەوەی ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرا، بەمەش بەریتانیا توانی تەواوی عێراق و میسر داگیربکات، فەلەستینیش کە بڕیاربوو ببێتە ناوچەیەك لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا، بەریتانیا دەستی بەسەردا گرت و پاشانیش پشتگیری پەیمانی بەلفۆرد-ی کرد، بەوەی بەشێك لەو ناوچەیە بدرێتە جوو بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەسەر دابمەزرێت. لەمەش زیاتر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی بەسەر رووسیای قەیسریدا لە سەردەستی فلادیمێر لینین، رووسیا لە رێککەوتنی سایکس پیکۆ هاتەدەرەوە و ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەشی ئاشکرا کرد، پاشانیش لە ساڵی ١٩٢٣ لە چوارچێوەی رێککەوتنی لۆزان، پەیماننامەی سیڤەر لەناو برا و کۆماری تورکیا دانی پێدا نرا، تورکیاش وەك میراتگری دەوڵەتی عوسمانی دەستبەرداری تەواوی ئەو ناوچانە بوو کە پێشتر بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کوردستانیش کە بەپێی رێککەوتنی سایکس پیکۆی ١٩١٦ (رۆژئاوا و باشوور و باکووری) پێکەوە دەهێشتەوە، لەدوای شەڕ و لە دوای رێککەوتنی لۆزان، بە فەرمی بووە چوار پارچە و هەر پارچەیەکیش لکێنرا بە دەوڵەتیکەوە و ماوەی نزیکەی ١٠٠ساڵیشە، هەر چوار دەوڵەتی داگیرکاری کوردستان، بە هەموو شێوەیەك نکۆڵییان لەبوونی کورد کردووە، هەتا ئەم ساڵانەی دواییش ئەو چوار دەوڵەتە چەند لەنێوان خۆیان کێشە و شەڕ و ناکۆکییان هەبووبێت، بەڵام لەسەر چۆنیەتی سەرکوتکردنی دۆزی کورد و شۆڕشەکانی یەکدەنگ بوون و هەموو کێشەکانی خۆیان وەلاناوە، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە بەشێکی عێراق و سووریادا و دوای گۆڕینی کێشەی سەرەکیی ناوچەکە بۆ ململانێی نێوان سوننە و شیعە و نەمانی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق وەك دوو دەوڵەتی یەکگرتووی خاوەن سەروەری، بەرژەوەندییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ئێران وەك نوێنەری شیعە لە جیهاندا لەگەڵ تورکیا کە خۆی بە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی و بەرگریکار لەبەرەی سوننە دەزانێت، بەرژەوەندییەکانیان یەکناگرێتەوە، بەوەی لەیەك بەرەدا دژی کورد رابوەستن.

لە هەمانکاتدا بەرگریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرپەرچدانەوەی داعش و پیشاندانی ئیرادەیەکی ئەوتۆ بەوەی تەنیا هێزە لەسەر زەوی کە دەتوانێت هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و تێکیان بشکێنێت، پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش دروست بووە، ئەمەش وایکردووە، لەو کاتەوە پرۆسەی حوکمڕانیی بەغدا بە تەواوەتی لەبەریەك هەڵوەشاوە و خاکی عێراقیش بە کردەیی بۆتە سێ دەوڵەتی جیاواز، کوردستان توانیویەتی نموونەی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی هاوچەرخ و وەك هاوپەیمانی جیهانی ئازاد و هاوپەیمانی نیودەڵەتی دژی داعش خۆی بسەلمێنێت، بەمەش دەروازەیەکی گەورەی پشتگیری بە رووی کورددا والا بووە، بۆ ئەوەی بەرەو سەربەخۆیی تەواو و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان هەنگاوی گرنگ و خێرا هەڵبگرێت.

## ● دەوڵەتی کوردستان و لە گۆڕنانی سایکس پیکۆ

دیڤید ئیگناشیۆس گەورە ستوونووسی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە هەولێرەوە بۆ واشنتۆن پۆستی ئامادەکردووە، دەڵێت: «لە مانگی ئایاری ٢٠١٦ سەد ساڵی تەواو بە سەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت، ئەو ڕێککەوتنەی کە عێراق و سووریا و چەند دەوڵەتێکی دیکەی فشۆڵی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا دروستکردووە، بەڵام ڕووداوەکانی چەند هەفتەی ڕابردوو بەڵگەی تازە و سەرسوڕهێنەرمان دەهێنێتە بەرچاو، بەوەی ئەو چوارچێوە دەستکردەی هەر دوو دەوڵەتی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ ئەو دەوڵەتانەی دروستکردووە، چیتر کارنەکەن و دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت. عێراق و سووریا لەبەریەک هەڵدەوەشێن، ئێستا عێراق بە واقیعی بۆتە سێ پارچەی دژ بە یەك، ناوچەی عەرەبی سوننە دەوڵەتی ئیسلامی داعش حوکمرانی دەکات، کورد خۆی خاوەنی دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆیە، ئەو زۆنەشی کە بەغدای پایتەخت و باشوور دەگرێتەوە، لەلایەن ڕژێمێکی شیعەوە حوکمرانی دەکرێت، بە هەمان شێوە سووریاش دابەش بووە، حکومەتی ناوەندی لە هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق بوونی نەماوە. سەبارەت بەم واقیعە مسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کورد زۆر ڕاشکاوانە لە دیمانەیەکدا پێی گوتم: (ماوەی ١٠٠ ساڵە ئەو سیستەمەی لە عێراقدا کاری پێدەکرێت، ئێستا دەبینین فەشەلی هێناوە. عێراق هەرگیز لەسەر بنەمایەکی ڕاست دروست نەکراوە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی هێزە گەورەکان دروست کراوە، بۆیە ١٠٠ ساڵ فاشیلبوون بەسە و پێویستمان بەوەیە بە دوای بژاردەی تازەدا بگەڕێین).»

ئیگناشیۆس لە ساڵی ١٩٨٢ـەوە لە بەیروت-ـەوە کاری ڕوومالکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە و لە ساڵی ١٩٨٧ ڕۆمانی (سیخورەکانی بەرائەت Agents-of Innocence)ی لەسەر کاری دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا (CIA) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسیوە. ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی ٢٧ ساڵ لەمەوپێش نووسراوە، بەڵام ئێستا لە کتێبخانەی ئامازۆن باشترین فرۆشی هەیە و زۆر کەس لەسەر ئەم کتێبەیان نووسیوە، هەتا ڕۆمانەکەی ئیگناشیۆس نەخوێنیتەوە، لەوە تێناگەیت (CIA) چۆن کاردەکات. مەبەست لەم بەبیرهێنانەوەیە ئەوەیە، ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموون و ناوداری وەك ئیگناشیۆس و ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی وەك واشنتۆن پۆست، هەروا و لە خۆڕا و لە ٣ی ئایاری ٢٠١٦ بە ڕاشکاوی نانووسێت: «ئەو دەوڵەتە فشۆڵانەی وەك عێراق و سووریا ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا فەرەنسا و بەریتانیا دروستیان کرد، ئێستا بەڵگەی زۆر لەبەر دەستە کە ئەو دەوڵەتانە بوونیان نەماوە»، لەمەش زیاتر هەر لە ڕۆژی ٥ی ئایاری ٢٠١٦، هەمان ڕۆژنامە وتاری بەڕێز مسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کوردستان بڵاو ناکاتەوە، کە ڕاشکاوانە بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کردووە، عێراق دەوڵەتێکی فاشیلە و کوردستان ڕیفراندۆم ئەنجامدەدات وەك هەنگاوێك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ بەغدا بۆ ئەوەی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە عێراق جیابێتەوە.

دیارە ڕۆژنامەیەکی وەك واشنتۆن پۆست کە لەم کاتەدا پرسی کۆتاییهاتنی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق بەو ڕاشکاوییە دەخاتە ناو ڕای گشتی وڵاتەکەی، ئەمە مانای ئەوەیە، ئەگەر هەتا ئێستا ڕێککەوتنی سایکس پێکۆ وەك پەراوێزێك لە تۆماری مێژووی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا سەیر دەکرێت، بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە میراتێك کە زۆربەی بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن کە هۆکاری سەرەکیی هەموو کێشەکانی ئەم ناوچەیە ئەو سنوورە دەستکردانەیە کە ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی کۆلۆنیالی بەریتانیا و فەرەنسا دروستکرابوون، بۆ ئێستا چیتر ئەو سنوورانە ناتوانن بە پێوەی بمێننەوە. خۆ ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش مکوڕ بن لەسەر ئەوەی ئەم سنوورانە وەك خۆیان بهێڵنەوە، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەر چاو بگرن، هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە بەشێکی عێراق و سووریا، هۆکارە سەرەکییەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمەریکا سەرکەوتوو نەبوو لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لە چوارچێوەی سنوورە دەستکردەکەی سایکس پیکۆ، هەروەها سەلمێنەری بەسەرچوونی ئەو سەردەمەیە کە بتوانرێت بە ڕێگەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریزم و دیکتاتۆری سنوورە دەستکردەکان بپارێزرێت.

هەر سەبارەت بە نەمانی کاریگەریی سنوورەکان، ئەویش نەك هەر لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ، بەڵکو لە سەردەمی گلۆبالیزیشن-یشدا سنوورەکان خۆیان کەوتوونەتە بەر مەترسی و چیتر سنوورەکان ناتوانن ڕێگە لە تیرۆریستان و نەخۆشی بگرن، وەك سیسۆلۆژی گەورەی ئەڵمانی لە کتێبی (کۆمەڵگەی مەترسی) ئاماژەی پێکردووە، گلۆبالیزیشن بە هیچ جۆرێك بایەخی بۆ سنوور نەهێشتۆتەوە، ڕاستە دیاردەی گۆلۆبالیزیشن لە ڕووە ئیجابییەکەیەوە وایکردووە هەموو جیهان لە یەك کاتدا سوود لە سەرجەم دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی وەربگرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا واشیکردووە ئەگەر نەخۆشییەك لە ئەفریقیا بڵاوبێتەوە، بە ئاسانی بگاتە سنوورەکانی وڵاتانی ئەورووپا. هەر بۆیە ئەم دیاردەیەی شۆڕشێکی دیکەی لە سەر ئاستی دووبارە

**لەو کاتەوە پرۆسەی حوکمڕانیی بەغدا بە تەواوەتی لەبەریەک هەڵوەشاوە و خاکی عێراقیش بە کردەیی بۆتە سێ دەوڵەتی جیاواز، کوردستان توانیویەتی نموونەی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی هاوچەرخ و وەک هاوپەیمانی جیهانی ئازاد و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش خۆی بسەلمێنێت، بەمەش دەروازەیەکی گەورەی پشتگیری بە ڕووی کورددا واڵا بووە، بۆ ئەوەی بەرەو سەربەخۆیی تەواو و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان هەنگاوی گرنگ و خێرا هەڵبگرێت**

**هەر هێزێکی نێودەوڵەتی بیەوێت بە جددی کێشەی عێراق و سووریا چارەسەر بکات، ئەوا دەبێت میانگیرێکی باش بێت بۆ ئەوەی ئامادەبێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە هەردوو دەوڵەتەکە دابەش بکرێت**

# سایکس پیکۆ چەند دەوڵەتێکی شکستخواردووی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کرد و پێشبینی شڵەژانی گەورەتریش دەکرێت

**بنچینەی سیستمی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانی، کە بە ڕادەیەکی گەورە لە لایەن هێزە ئەوروپییەکانەوە ئەم سیستمە ڕەنگڕێژکرا. لە ١٦ی ئایاری ساڵی ١٩١٦دا، فەڕەنسا و بەریتانیا ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-یان ئەنجامدا و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا-یان بۆ ناوچەی نفوز و دەستڕۆیشتوویی خۆیان دابەشکرد، کە لەو کاتەدا هێشتا ویلایەتی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون. شۆڕشی ڕووسی و بردنەوەی شەڕی سەربەخۆیی لەلایەن تورکیاوە ڕێگر بوون لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لە ئەنادۆڵ.**

**ریشەی دروستبوونی سووریا و لوبنان لە ژێر ئینتیدابی فەڕەنسا و دروستکردنی عێراق و ئەردەن و ئیسرائیل کە لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا بن، لە ڕێککەوتنەکەی ساڵی ١٩١٦دا بوونی هەبوو. بڕیاری هێزە براوەکان بۆ داڕشتنی سنوورەکانی دەوڵەتگەلێکی نوێ- بە پێچەوانەوەی دەوڵەتانی ئەوروپاوە- بە بێ ڕەچاوکردنی ئینتیمای زمانەوانی، ئیتنی، ئایینی و تایفەگەری خەڵکەکە ئاکامی دوورمەودای لێکەوتەوە. لەوەش خراپتر، هێزە خاوەن ئینتیدابەکان دەسەڵاتی دەوڵەتە نوێیەکانیان لەسەر بنەمای کەمینە ئایینییەکان دامەزراند. فەڕەنسا دەسەڵاتی لە نێو عەلەوییەکانی سووریادا دامەزراند، بەریتانیاش لە نێو سوننەکانی عێراقدا.**

**دوورەپەرێزخستنی گروپە ئایینی و زمانەوانییە گەورەکان بوونەهۆی بە سیاسیکردنی ناسنامە ئیتنی و تایفەگەرییەکان. هەمان شت بەسەر کورددا جێبەجێ بوو، کە هەرگیز نەبوونە پێکهاتەیەکی ئاوێتەبوو لە بونیادی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن، بەڵکو**

بونیادنانەوەی دەوڵەت کە پێی دەڵێن: (شۆڕشی چوارەم)، هەروەها شۆڕشێکی دیکەی لە سەر ئاستی جیۆپۆلیتکی دروست کردووە کە پێی دەڵێن: (شۆڕشی سێیەم)، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر لەئاکامی جەنگی یەکەمی جیهان نەخشەی سیاسی جیهان وەك شۆڕشی یەکەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، ئەوا لە ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانی جارێکی دیکە نەخشەی سیاسیی جیهان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، دیارە لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، جارێکی دیکە نەخشەی سیاسیی بەشێکی جیهان وەك دەوڵەتانی بەلکان و کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگری لەوە کرد کە لە بەشەکەی دیکەی جیهان، کە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)ـە ئەو گۆڕانکارییە ڕوبدات. هەتا ساڵی ٢٠١١ و لە ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبیدا، سنوورەکان چیدیکە نەیانتوانی ڕێگری لەوە بکەن کە ڕاپەڕینەکانی تونس بپەڕێتەوە بۆ میسر و پاشان بۆ لیبیا و یەمەن و سووریا، هەروەها سنوورەکان نەیانتوانی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی تیرۆریستان بکەن لە پاکستانەوە بۆ نەیجیریا، ئێستاش لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش هەموو توانای خۆی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە عێراق و سووریا کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام دیسان سنوورەکان نەیانتوانیوە ڕێگری لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بکەن، کە بە هاوشێوەی خەلافەتەکەی لە عێراق و سووریا، هەمان خەلافەت لە لیبیاش دروست نەکاتەوە، لەمەش زیاتر سنوورەکان نەیانتوانیوە ڕێگری لە تیرۆریستان بکەن کە نەپەڕنەوە بۆ ئەوروپا، بەپێچەوانەوە هەوڵدانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا بۆ پارێزگاریکردن بە سنوور و جیۆپۆلیتکی سەردەمی شەڕی سارد لەم بەشەی جیهاندا، خەریکە ئەو جیۆپۆلیتکە کۆنە دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە لە ناو ماڵی تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە ئەمەریکاشەوە.

## ● داعش و سایکس پێکۆ دەبێت پێکەوە کۆتاییان بێت

لە ٢٠ی نیسانی ٢٠١٦ هەردوو توێژەری گەورە ستیڤن بیدل و جاکۆب شاپیرۆ کە هەردووکیان دوو

**دووچاری پەراوێزخستن بوون و هەوڵی تواندنەوەیان درا بە ناوی (ناسیۆنالیزمی تورکی و عەرەبی و فارسی)یەوە، دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، هێزە گەورەکان لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا پاڵپشتییەکانیان سنووردار کرد بۆ رژێمە خۆسەپێنەکان لە ناوچەکەدا، لە هەمان کاتدا گوتارە جیهانییەکە لەبارەی یەکسانی و بەشداریی سیاسی و دیموکراسییەوە سەنگی زیاتری بەدەستهێنا.**

**بەرزبونەوەی ئاستی پەروەردە، زیادبوونی زانیارییەکان و تەکنەلۆژیای پێوەندیکردن و ئەو تۆڕە جیهانییەی دروست بووە لە نێوان گروپە هەرێمایەتی و مەحەلییەکانەوە – کە بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەوە دروست بووە– بوونە هۆی بەهێزکردنی پێگەی هاووڵاتیانی دەوڵەتە خۆسەپێنەکان– کە بە رادەیەکی گەورە پەراوێزخراون– تاوەکو ببنە کاراکتەرێکی سیاسی رادیکاڵی کە لە ژێر ناوی ناسنامە تەقلیدییەکاندا خۆیان رێکبخەن. لە ئاسۆدا کۆتاییەک نییە بۆ ئەم پەرەسەندنانە و بۆ دارووخانی سیستمی دەوڵەت کە لەم پەرەسەندنانەوە دەکەونەوە. تاوەکو ئێستا دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شکستیان هێناوە لە وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی ناڕەزایەتییەکان. بە پێچەوانەوە، پاکتاوی رەگەزی و چونیەککردنی کەلتووری و دروستبوونی بونیادی نیمچە دەوڵەتی نوێ (وەک دەوڵەتی ئیسلامی) بەرجەستەکاری ئاماژەگەلێکی نیگەرانکەرن لەبارەی سەرهەڵدانی شڵەژانی گەورە لە ئایندەدا.**



- **سەرچاوە:** The Return of the Kurdish Question :On the Situation of the Kurds in Iraq، Syria and Turkey
- **نووسینی: گەنتەر سەوفرت**

راوێژکار و دوو تایبەتمەندی بەناوبانگن لەسەر پرسی تیرۆر، پێکەوە وتارێکیان لە سایتی زە ئەتلەنتیك ( The Atlantic) بە ناونیشانی (ئەمەریکا نەیتوانی شتێکی ئەوتۆ بەرامبەر داعش بکات - America Can’t Do Much About ISIS) بڵاوکردەوە، لەم باسەدا هەردوو توێژەر رەخنەی ئەوە لە ئەمەریکا دەگرن، بەوەی ئەمەریکا هێندەی هەوڵیداوە داعش وەك دیاردەی نەخۆشییەك کۆتایی پێبهێنێت، هێندە هەوڵی نەداوە خودی نەخۆشییەکە چارەسەر بکات، هەر بۆیە ئەگەر هەوڵی دابێت، ناوچەیەکیش لە داعش پاك بکاتەوە، ئەوا کارەساتی کاولکاری و مرۆیی گەورەیی بە دوای خۆیدا هێناوە. دیارە ئەو خاڵەی کە ئەم دوو توێژەرە دەستنیشانیان کردووە، کەموکورتی سەرەکیی سیاسەتی ئەمەریکایە، بۆیە لە رۆژی **٢٩**ی نیسانی **٢٠١٦**، جێمس جیفری باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق وەڵامی ستیفن بیدل و جاکۆب شاپیرۆی داوەتەوە بە وتارێکی دیکە بە ناونیشانی (رەگ و ریشەی هۆکارەکان بخەنە لاوە: دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا برووخێنن- Leave Root Causes Aside -- Destroy the ISIS ‹State)، بێگومان کێشە سەرەکییەش ئەمەیە: ئایا هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی داعش چارەسەر بکرێن؟ یان دەوڵەتی ئیسلامی داعش برووخێندرێت؟ لە هەڵبژاردنی ئەم دوو بژاردەیە، بەداخەوە هەتا ئێستا ئەمەریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بژاردەی دووەمیان هەڵبژاردووە کە ئەویش هەوڵدانە بۆ رووخاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش.

بەڵام هەڵوەستەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا بەشێکی زۆری عەرەبی سوننە لە هەر دوو دیوی عێراق و سووریا پشتگیری رێکخراوی تیرۆریستی داعش ناکەن؟ بێگومان وەك توێژینەوەکانیش دەریانخستووە، بەشێکی زۆری دانیشتووانی موسڵ لە عێراق و رەققە لە سووریا لە ژێر دەسەڵاتی داعش ماونەتەوە، راستە خەلافەتەکەی داعش گەڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی، بەڵام هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی پیادە کردووە و نالێین چۆن کاروباری ئەو خەڵکە بەڕێوەدەبات، بەڵام بە هەر شێوازێك بێت کاروباری رۆژانەیان ئەوە ماوەی دووساڵە

# سایکس پیکۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێ

سەدەیەک دوای سایکس پیکۆ کە لە ساڵی ١٩١٦دا لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا واژۆکرا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رووی سیاسییەوە وەک بەرمیلێک باروت ماوەتەوە و بۆتە ناوچەیەک بۆ ناکۆکی و شەڕی چەکداریی یەک لە دوای یەک. ئەو سنوورانەی کە سەدەیەک پێش ئێستا دارێژران لە لایەن هێزە رۆژئاواییەکانەوە لە ئێستادا بەرەو کاڵبوونەوە و سڕینەوە دەچن. لە ساتەوەختێکی کتوپڕدا دۆخێک هاتۆتەئاراوە کە بۆتەهۆی ئەوەی خەسڵەتی ناوچەکە بە چەشنێکی لە رادەبەدەر لە گۆڕانکاریدا بێت.

دوای واژۆکردنی رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ و دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا، زنجیرەیەک پەیماننامە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە بارەی ناوچەکەوە ئەنجامدران، کە بە زۆری ئەو پەیماننامە و کۆنفرانسانە دژیەکیان لە خۆگرتبوو، بە دەگمەن لەبەرچاو گیران، یان ڕێزیان لێگیرا. ناکۆکیی نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت، کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکان، غاز و نەوت، پێشبڕکێی پڕچەککردن، دەستەبەرکردنی چەک و ئازادیی تێپەڕبوون لە کەناڵی سویس، هەموو ئەمانە بوونە هۆی هێنانەئارای شەڕی دەسەڵات، ئەم ناوچەیەش بووە گۆرەپانی تێکڕای رووبەڕووبوونەوەکان.

مارک سایکس و فرانسوا پیکۆ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دابەش کرد، بە بێ ئەوەی قەناعەتیان هەبێت بەوەی لە راستیدا ئەم رێککەوتنە جێبەجێ دەکرێت. هەر لە سەرەتاوە، دابەشکردنەکە، دابەشکردنێکی لاواز و لەرزۆک بوو. رێککەوتنەکە بە پەلە و لە نێو جەرگەی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە کەشێکی بەدگومانیی دوولایەنەدا، واژۆ کرا.

لە دابەشکردنی زۆنەکانی دەسترۆیشتوویدا پێکهاتەی گەلانی ناوچەکە لەبەرچاو نەگیران. واتە رەچاوی لایەنە دیموگرافی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان نەکرا لە لایەن فەرەنسا، یان بەریتانیاوە. چەندین خێڵی عەرەب لێکدابڕان و لە نێوان چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا دابەش کران. ئەم خێڵانە بە توندی بەرهەڵستیی حکومەتی مەرکەزییان کرد. ئەم نەخشە دیپلۆماسییە بووەهۆی بەهێزکردنی کەمینەی عەلەوییەکان لە سووریادا، لە کاتێکدا زۆرینەی دانیشتووانی بەڕێوەدەبات. پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: بۆچی ئەو بەشە زۆرەی عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا، ژیانیان لەگەڵ داعش پێ باشترە، وەك ئەوەی رژێمی بەشار ئەسەد و شیعەی بەغدا حوکمڕانییان بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بێگومان ئەوەیە رژێمی عەلەوی لە دیمەشق و شیعە لە بەغدا بە پشتگیری راستەوخۆی ئێران دەیانەوێت لەلایەك پرۆژەی ئەمەریکا بۆ بونیادنانەوەی عێراق وەك عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی لە ریشەوە هەڵبکێشن و رژێمی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات بمێنێتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئێران مەبەستێتی تۆڵەی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق، نەك هەر لە عەرەبی سوننەی عێراق بکاتەوە، بەڵکو لە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی سوننە لەناوچەکە بکاتەوە، کە لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕی عێراق – ئێراندا، دژی ئێران پشتگیری سەدام حوسێن-یان کرد.

کەواتە واڵاکردنی دەرگا لەلایەن رژێمی بەشار ئەسەدەوە بە هاتنی سەرکردەکانی قاعیدە بۆ سووریا و بە ئاشکرا کارکردنیان لە ناو سووریا و ناردنەوەیان بۆ عێراق، لە پێناوی ئەوە بووە، ژینگەیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی قاعیدە و داعش نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە بکەن، پاشان عەرەبی سوننە وەك داعش و قاعیدە لە بەردەم رای گشتی وێنابکەن، کێشە و ناکۆکیی هەزار ساڵەی نێوان شیعە و سوننە بگۆڕن، بۆ رووبەڕووبوونەوەی جیهان لەگەڵ تیرۆریستانی قاعیدە و داعش، سەبارەت بەم لایەنە تۆماس فریدمان لە یەکێك لە موحازەرەکانیدا باس لەوە دەکات، لە ساڵی ٢٠٠٧ – ٢٠١١، وشکە ساڵییەکی


ئەو وڵاتە سوننەن، هەروەها بووەهۆی باڵادەستبوونی کەمینەی سوننە بەسەر زۆرینەی شیعە لە عێراقدا. بە تێپەڕبوونی کات، راپەڕینە ناوخۆییەکان، کودەتا و یاخیبوونەکان- کە تا ئێستاش بەردەوامن- ناوچەکەیان هەژاند. بەریتانیا سیاسەتگەلێکی پڕ لە ناسازی و دژیەکی پیادەکرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. مانۆڕی دیپلۆماتی پڕ لە گومانی بەکارهێنا بۆ رازیکردنی هەم عەرەب و هەم جوولەکە، لە هەمان کاتدا خۆی بە دوورگرت لە ئەنجامدانی شیکردنەوەی جددی بۆ ئەو کێشانەی لەو کاتەوە و لە ئایندەدا لە ناوچەکەدا سەریانهەڵدەدا.

لە ئێستادا و بە درێژایی ناوچەکە، هەر لە لیبیاوە بۆ سوریا، دەسەڵات داڕووخاوە و خەڵکی ئەم وڵاتانە بۆ ناسنامە دێرینەکەیان خۆیان (شیعە و سوننە و کورد) دەگەڕێنەوە. گروپە تایفەگەرییەکان کە بە زۆری گروپی ئیسلامین، هەڵساون بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی دەسەڵاتەی دروست بووە و سنوورەکان دەبڕن و توندوتیژی بڵاودەکەنەوە.

ناکۆکیی عەرەب-ئیسرائیل تەنیا کێشەیەکی گەورە نییە لە ناوچەکەدا. لە ماوەی شەش دەیەی رابردوودا، ٢٣ شەڕ تۆمار کراون، لە نێویاندا شەڕی نێوان شیعە و سوننەکانی عێراق، کە سەقامگیری سەربازی و ستراتیژی شڵەژاندووە و پتر لە ملیۆنێک قوربانی لێکەوتۆتەوە.

کاریگەری بەهاری عەرەبی کە لە وڵاتێکدا سنووردار نەبوو، هەروەها شەڕی ناوخۆیی سووریا هیچ پێوەندییەکیان بە ناکۆکیی عەرەب-ئیسرائیلەوە نەبوو. هەموو نائارامییەکانی نێو جیهانی عەرەبی، نائارامیی ناوخۆیی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و خێڵەکین. هەروەها دەرئەنجامی سەرکردە گەندەڵەکانن کە بۆ چەندین دەیە، سوودیان لە هەژاری و نەزانی هاووڵاتییەکانیان وەرگرتووە و سامانی وڵاتیان بە تاڵان بردووە لە رێی دروستکردنی دەوڵەتی پۆلیسی و حوکمڕانیکردن لە رێی ترس و تۆقاندنەوە.

- سەرچاوە: The Failures of the International Community in the Middle East since the Sykes-Picot Agreement، 1916-2016
- نووسینی: فریدی ئیتان



گەورە ناوچەی عەرەبی سوننەی سووریای گرتەوە، بۆیە ناچار بوون مەڕوماڵاتیان بفرۆشن و روو لە شارەکان بکەن. رژێمی ئەسەد کە ئەو حاڵەتەی عەرەبی سوننەی پشتگوێ خست و هەوڵینەدا چارەسەری بکات، بێکاری و برسێتی لەناویاندا بڵاو بووەوە، بۆیە هەر کە رێکخراوی قاعیدە و داعش ئاڵا رەشەکەی (اللە اکبر)یان بەرزکردەوە، بەشی هەرە زۆری عەرەبی سوننەی سووریا شوێنیان کەوتن و پشتگیرییان کردن. لە عێراقیش دوای ئەوەی ئەمەریکا هێزەکانی کشاندەوە، نوری مالیکی سەرۆك وەزیران پێشووی عێراق، دیسان بە ناوی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، پیلانێکی دڕندانەی دژی عەرەبی سوننەی عێراق داڕشت، لە هەنگاوی یەکەمیشیەوە بە گرتن و ئەشکەنجەی ئەو خەڵکانەی عەرەبی سوننە دەستی پێکرد کە لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقدا نوێنەرایەتی عەرەبی سوننەیان دەکرد، بیگومان بێدەنگیی ئەمەریکا بەرامبەر رەفتارەکانی نوری مالیکی، وایکرد، عەرەبی سوننە هیچ متمانەیەکیان بە ئەمەریکاش نەمێنێت، بۆیە کاتێك لە ئەمەریکا نائومێد بوون، رێکخراوی قاعیدە لقی عێراق کە لە سەرەتای ٢٠١٤ خۆی وەك داعش راگەیاند، وەك نوێنەر و داکۆکیکار لە عەرەبی سوننە خۆی نمایشکرد، بەتایبەتیش دوای ئەوەی داعش، گۆڕانکاری لە بنەماکانی راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامیدا کرد و خۆی لە قاعیدە جیاکردەوە، دیارە قاعیدە راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی خستۆتە دوای ئەوەی هێزی رۆژئاوا تێکدەشکێنێت، بەڵام داعش شیعەی وەك دوژمنی سەرەکی پێناسە کردووە، ئینجا رۆژئاوا و ئەمەریکا، بۆیە لە

# دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک بە سەر سایکس پیکۆدا دەرکەوت ئەو دەوڵەتانەی ئەوروپا سەپاندیان قاوخێکی پووچ و بەتاڵن

لەو کاتەوەی سیناتۆر جۆزێف بایدن وتارە مشتومڕهەڵگرەکەی لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە نیویۆرک تایمز نووسی و پێشنیاری پێکهێنانی سێ هەرێمی خۆبەڕێوبەری- ئۆتۆنۆمی- کرد بۆ شیعە و سوننە و کورد، بۆ ئەوەی هەر یەکێک لەو پێکهاتانە پانتایی سیاسیی خۆیان هەبێت، ئەوا لەو کاتەوە گفتوگۆکان لەبارەی ئایندەی عێراقەوە ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا هاتووە. دوای ١٣ ساڵ لە شەڕ، شیرازەی نەتەوە نوێیەکە لێکترازاوە. بەو فۆرمەی ئێستاوە، عێراق کەمتر لە سەدەیەکە بوونی هەیە، کە سەددام حوسێن چارەکە سەدەیەک حوکمڕانیی کرد. لە دوای رووخانی دەسەڵاتی سەددام-یشەوە، بەغدا نەیتوانیوە رێگاچارەیەکی سیاسی گەڵاڵە بکات بۆ دڵنیاکردنەوەی پێکهاتە نائومێدەکانی تاوەکو هەست بکەن کار بۆ هێشتنەوەی وڵاتەکە بکەن بەو شێوەیەی کە ئێستا لە ئارادایە. ئابووریی ئەم وڵاتە کە بەرهەمهێنەرێکی گەورەی نەوتە، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ئیفلیج بووە. ئیدارەدانێک کە بۆتەهۆی بەهەدەردانێکی گەورە، دەزگایەکی بیرۆکراسیەتێکی هەڵئاوساو بە کارمەندە ناکارامەکان، چاوچنۆکییەکی روولە زیاد و دابەزینی نرخی نەوت. ناسیۆنالیزم لەبەریەک هەڵوەشاوە. عێراقییەکان شانازیەکی زۆر بەو شارستانییەتە دێرینەوە دەکەن کە لە سەر خاکی ئەوان دروست بووە، بەڵام پێوەندیی عێراقییەکان بە وڵاتەکەیانەوە لە ئێستادا، ئەو تەحەددییەیە کە هەڕەشە لە بوونی ئەم وڵاتە دەکات.

لە سووریا ئەو تێکشکاندنە فیزیکی و مرۆییەی لەو وڵاتەدا هاتۆتەئاراوە، بۆتەهۆی لەناوبردنی ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کارا لە چەند ساڵی داهاتوودا. ئەم وڵاتە لە دۆخێکدایە کە مایەی تێگەیشتن نییە. پتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکە پشت بە یارمەتییە مرۆییەکان دەبەستن بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیی رۆژانەیان، کە دانیشتووانی وڵاتەکە ٢٢ ملیۆن کەسن. نزیکەی سێ ملیۆن منداڵ لە قوتابخانە بێبەشبوون. سەرەڕای ژمارەی کوژراوەکان پێناوی رووبەڕووبوونەوەی ئەو غەدرەی شیعە بەرامبەر عەرەبی سوننە دەیکات، دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام راگەیاند.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە وتارەکەی ستیڤن بیدل و جاکۆب شاپیرۆ بدەین، کە داوادەکەن خودی ئەو نەخۆشییە چارەسەر بکرێت کە بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش وەك دیاردەیەکی نەخۆشییەکە، لەگەڵ جەختکردنەوەی سیاسەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە سەر رووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش، هەست دەکەین، ئەوەی بیدل و شاپیرۆ ئاماژەیان پێکردووە، رێگە راستەکەی ریشەکێشکردنی فیکری داعشە، لەبەر ئەوەی ئەگەر عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا بتوانن بژین و نەکەونە ململانێی نێوان شیعە و سوننە و شیعە سەرکوتیان نەکات، ئەوا هەر عەرەبی سوننە خۆیان دەوڵەتی داعش کۆتایی پێدەهێنن و فیکری داعش ریشەکێش دەکرێت.

ئەوانەی شارەزای سایکۆلۆژیەتی عەرەبی سوننەی عێراق و سووریان، دەزانن بە درێژایی مێژووی عێراق، عەرەبی سوننەی عێراق و سووریا پشتگیرییان لە توندڕەوی نەکردووە، تەنانەت لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧، کاتێك ئەمەریکا ژینگەیەکی سیاسی ئەوتۆی دروستکرد کە عەرەبی سوننە بە رێگەی هێزەکانی سەحوە و لە چوارچێوەی ناردنی هێزی بەپەلە (Surge) بۆ عێراق کاربکەن، ئەوە هەر عەرەبی سوننەی عێراق خۆیان بوون کە رێکخراوی قاعیدەیان تێکشکاند و چەکدارەکانی قاعیدەیان ناردەوە بۆ سووریا، جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، پێشنیاری زیادکردنی هێزی بەپەلە، پێشنیاری ( ستیڤن بیدل) بووە، کە ئەمجارەش داوادەکات خودی نەخۆشییەکە چارەسەر بکرێت، نەك دەرهاویشتەی نەخۆشییەکە کە داعشە. بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئەمەریکا و هاوپەیمانان کە بێگومان ئەوانیش گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە بە رووخانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، کێشەکە چارەسەر نابێت، بۆچی نایانەوێت کێشەکە لە ریشەوە چارەسەر بکەن؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە لەوە قووڵترە کە هەندێك مەزندەی دەکەن. سەبارە بەم پرسیارە

کـه مایـەی سەرسـوڕمانە، یـەک ملیـۆن و نیـو لـە خەڵکـی وڵاتەکـە برینـدار بـوون، یـان بـۆ هەمیشـەیی دووچـاری پەککەوتەیـی بـوون. نزیکـەی یـەک لەسـەر پێنجـی دانیشـتووانەکەی وڵاتەکەیـان جێهێشـتووە. کـە پاڵنەرێکـی کەمیشـیان هەیـە بـۆ گەڕانـەوە. تێکـڕای ئـەو زیانـە ماددییانـەی لـە وڵاتەکـە کەوتـوون، بـەلای کەمـەوە ٢٥٠ ملیـار دۆلارە، ئەمـە لـە کاتێکـدا رووبـەری وڵاتەکـە هێنـدەی ویلایەتـی واشنتۆن–ـە. ئـەم زیانـەش رۆژ بـە رۆژ زیاتـر دەبێـت.


کەواتـە، دوای سـەدەیەک لـە سـایکس–پیکۆ، ئـەم دوو قەیرانـە پەردەیـان لەسـەر ئـەو جـۆرە دەوڵەتـە هەڵگرتـووە کـە لەلایـەن ئەوروپییەکانـەوە سـەپێندراوە و دەریانخسـت کـە ئـەم وڵاتانـە چ قاوخێکـی پـووچ و بەتاڵـن. عێـراق لەلایـەن بەریتانیـا و سووریا لـە لایـەن فەڕەنساوە بەڕێوەدەبـردران، کـە لـە ئاسـتێکی سـنووردارردا سـەرقاڵی دروسـتکردنی نەتـەوە بـوون. لـەم دوو وڵاتـەدا پێـش ئـەوەی سـەربەخۆییان پێببەخشـن. خەڵکـی ئـەم دوو وڵاتـە ئـاڵای نوێیـان هەڵبـژارد و کۆشـکی مەزنیـان بـۆ سـەرکردەکانیان دروسـتکرد و هانـی نوخبـە بازرگانەکانیـان دا و مەشقیان بـە ژمارەیەکـی زۆری سـەرباز کـرد، بـەڵام هـەردوو وڵات خاوەنـی دامـەزراوەی لاواز، کۆمەڵگـەی مەدەنیـی لاواز، ئابوورییەکـی پـڕ لـە نادادپـەروەری و یاسـاگەلێکی بێمانـا بـوون. لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٤٩ بـۆ ١٩٧٠ سـووریا بـە ٢٠ کودەتـای سـەربازیدا تێپـەڕی، هەندێکیـان شکسـت بـووە چارەنووسـیان و هەندێکیشـیان سـەرکەوتوو بـوون، واتـە لـە هـەر سـاڵێک کودەتایـەک روویـداوە، تـا ئـەو کاتـەی ئەسـەد دەسـەڵاتی گرتەدەسـت– لـە میانـەی کودەتایەکـی دیکـەدا. کەواتـە، ئـەوەی ئـەم دوو وڵاتەکـەی بـە یەکگرتوویـی هێشـتبۆوە، بریتـی بـوو لـە تـرس و حوکمڕانییەکـی داپڵوسـێنەر.



- سەرچاوە: How the Curse of Sykes-Picot Still Haunts the Middle East
- نووسینی: رۆبن رایت

پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تایبەتمەنـد لـە سـەر پرسـی سـووریا و کـورد، لـە دیمانەیەکی لەگـەڵ کەناڵـی (رووسـیای ئەمـڕۆ) راشـکاوانە ئـەو راسـتییەی ئاشـکراکردووە: «پێویسـتە هەرچۆنێـك بێـت هەوڵبدرێـت کێشـەکانی سـووریا و عێـراق چارەسـەر بکرێـت، هـەردوو دەوڵەتەکـە دەبێـت لەبەریـەك هەڵبوەشـێت، هـەر بۆیـە کاتێك بیـر لـە چارەسـەر دەکرێتـەوە، دەبێـت ئاکامـی ئـەو دوو دەوڵەتـەش لەبەرچـاو بگیرێـت.» لـەم وەڵامـەی پرۆفیسـۆر لاندیزەوە، دەگەینـە ئـەوەی هـەر هێزێکی نێودەوڵەتی بیەوێت بـە جـددی کێشـەی عێـراق و سـووریا چارەسـەر بـکات، ئـەوا دەبێـت میانگیرێکـی بـاش بێـت بـۆ ئـەوەی ئامادەبێـت بـە شـێوەیەکی ئاشـتییانە هـەردوو دەوڵەتەکـە دابـەش بکرێـت، بـەڵام ئایـا ئـەم دابەشـکردنە چـۆن دەکرێـت؟ لـە وەڵامـی ئـەم پرسیارەشـدا پرۆفیسـۆر کینـس پـۆلاك بەڕێوەبـەری سـەنتەری سـابان بـۆ دیراسـاتی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە ئامـۆژگای برۆکینگیـز کـە لـە هەمانکاتـدا ئەندامـی ئـەو گروپەشـە کـە راپۆرتێك لەسـەر ئایندەی عێراق بۆ سـەرۆکی داهاتـووی ئەمەریـکا ئامـادە دەکات، لـە دیراسـەتێکدا بـە ناونیشـانی ) شـەڕبکەین، یـان هەڵبێیـن - Fight or Flight) تیایـدا جەخت لەسـەر ئـەو بژاردانـە دەکاتـەوە کـە ئەمەریـکا لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست رووبەڕوویـان دەبێتـەوە، راشـکاوانە ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە کاتـی خـۆی بیـل کلینتـۆن چـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ کێشـەی بۆسـنیا کـرد و لـە دایتـۆن هەمـوو لایەنە پێکناکۆکەکانـی لـە سـەر یـەك مێز کۆکـردەوە و چارەسـەری کێشـەکەی کـرد، ئێسـتاش بەهەمـان شێوە دەبێت لایەنە پێکناکۆکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کـورد و عـەرەب و شـیعە و سـوننە پێکـەوە لەسـەر یـەك مێـز کۆبکاتـەوە، بزانـن چـۆن دەتوانـن بـە ئاشـتی پێکـەوە بژیـن و دوای هەڵوەشـانەوەی عێـراق و سـووریا چـۆن دەوڵەتـە تـازەکان بونیـاد دەنرێنـەوە. ئـەم چارەسـەرە کـە دەسـتبەرداربوونە لـە پیرۆزیـی سـنوورەکانی سـایکس پیکـۆ، تەنیـا رێگەیـە بەبـێ ئـەوەی هاوپەیمانـی دژی داعـش و ئەمەریـکا ئـەو هەمـوو هەوڵـەی هەیانـە بیخەنەگـەڕ، خەلافەتـی ئیسـلامی کۆتایـی پێدێـت و فیکـری داعشـیش لـە ریشـەوە هەڵدەکێشـرێت.

# تیرۆر بۆشاییەکانی سایکس پیکۆ پڕدەکاتەوە



**زکری مووسا**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

سەد ساڵ لەمەوبەر براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی مەبەستیان بوو بە جۆرێك جەستەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دابەش بکەن کە بە پلەی یەکەم خزمەتی بەرژەوەندییە کۆلۆنیالییەکانیان بکات و پاشان سەقامگیری بۆ ناوچەی ژێر دەستەڵاتیان بەدی بێت.

ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ لە ڕاستیدا ڕێککەوتنی دابەشکردنی سامان و دەستکەوتی شەڕ و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی ئەو کات بوو. لە باخچەکەی باڵیۆزخانەی فەڕەنسا لە لەندەن کاتێ جۆڕج کێلمانسوو سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا هەستی کرد دەیڤید لوید جۆڕج سەرۆك وەزیرانی بریتانیا زۆر ڕەزامەند نییە لە ڕێککەوتنەکە و لێی پرسی چیترتان دەوێ دەنگ بکە؟ سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لە وەڵامدا دەڵێ: «موسڵمان دەوێ» و ئەویش گوتی: «موسڵ بۆ تۆ». مەبەست لە موسڵ ویلایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانی بوو کە کوردستانیشی دەگرتەوە. چارەنووسی ملیۆنان ئینسان لە جیۆگرافیایەکی ئاڵۆزدا وا بە ئاسانی و بە دەمەتەقەیەکی کورت دەستنیشان کرا. ئەوان وایاندەزانی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و دەوڵەتسازی ئەوە بەزۆرلکاندن و دیتی میکانیکی بۆ کێشانی سنوور و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ نەخشەڕێگەی گونجاوە بۆ لەتلەتکردنی پاشماوەی عوسمانی، ئەویش لە ناوچەیەك کە لە ڕووی دیموگرافی و ئەتنیکی و تاییفی فرەڕەنگ و ئاڵۆز بوو.

پێویست بوو لە دەوڵەتە تازەکاندا لەپێناو سەقامگیری و ژیانێکی ئارامدا چەمکی هاوبەشیی نێوان پێکهاتەی نێو دەوڵەتە تازەکان پیادە بکرێت. بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان پێکهاتەکان لەوە کەمتر بوون بتوانرێ ئینتمای حەقیقی بۆ جیۆگرافیا و سنوورێکی دیاریکراو لەنێو دانیشتواندا بڕسکێت. نەبوونی بنەما حەقیقییەکانی دەوڵەت و چەمکی هاووڵاتیبوونیش وای کرد لە بری شەراکەت، نەتەوە باڵادەستەکان بەرەو شۆڤینیزم و ناسیۆنالیزمی نکۆڵیکار شۆڕ ببنەوە. کەڵبە تیژەکانی شۆڤینییەت سەرەتا جەستەی گەلی کوردی کردە ئامانج کە خاوەنی ڕەسەنی خاك و جیۆگرافیای خۆی بوو. دەرئەنجامی سایکس پیکۆ بۆ گشت گەل و پێکهاتە و دانیشتوانی ناوچەکە کارەساتبار بوو. لە سووریا و عێراقدا دەوڵەتەکان بکوژی گەلەکانیان بوون. گەورەترین تاوان لەسەردەستی ڕژێمەکان دەرهەق خەڵك و پێکهاتەکان ئەنجام درا. پڕۆژەی نەتەوەسازیی دەوڵەتە قەڵپەکان کە لە هەناوی سایکس پیکۆ هاتنەدەرێ نەیتوانی بە زۆری چەك و تۆقاندن و سەرکوتکاری سەربکەوێت. لەبەرانبەردا پێکهاتە نەتەوەیی و تاییفییەکان پەرچەکرداریان نواند کە بەهێزترینیان شۆڕش و جووڵانەوەکانی گەلی کورد بوو. ململانێی نێوخۆیی دەوڵەتەکان، ململانێی تەندروستی سیاسی نەبوو، بەڵکو ململانێ بوو لەسەر مان و نەمانی نەتەوە و تاییفەکان. ئەو دەرئەنجامە ڕێك پێچەوانەی یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بوو، ئەو ڕێککەوتنە بە هیچ شێوەیەك نەیتوانی سەقامگیری و ژیان بۆ دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێنێتەوە.

ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تەنیا کردنەوەی دەرگەی جەهەننەم نەبوو بە ڕووی دانیشتوانی ناوخۆی دەوڵەتە تازەکان، بەڵکو ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ یەکتریشدا گرفتیان هەبوو و لە بری هاوکاریکردنی یەکتر لەدژی یەکتر دەوەستانەوە.

## دوای سەد ساڵ چی ڕوویداوە؟

هەر لە سەرەتادا سایکس پیکۆ لە ڕووی ئەخلاقییەوە شکستێکی گەورەی خوارد، چونکە ڕای دانیشتووانی ناوچەکەی وەرنەگرتبوو، لە ئەنجام نەهامەتی و قەیران و ناسەقامگیری بۆ ناوچەکە بەدیهێنا. دوای سەت ساڵ واقیع و کارەکتەری نوێ سەریانهەڵداوە، ئەمریکا و ڕووسیا و هێزی هەرێمایەتیی نوێ لە ناوچەکەدا لە ململانێی بەردەوامدان. ئەو سنوورانەی ڕێککەوتنەکە دیاری کردبوو و هێمای سەروەریی دەوڵەتانی ناوچەکە بوو، بە هیچ شێوەیەك مانای نەماوە. دەیان هەزار چەکداری تیرۆریست بە ناسنامەی جیاواز لە سەرانسەری جیهاندا هاتوون و لە سووریا و عێراقدا شەڕ دەکەن. دەستێوەردانی ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی لە سووریا و عێراق گەییشتووەتە لووتکە. هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا لە لێواری نەماندان و بە عەمەلی لە لایەن هێزە تایيفی و ئەتنیکی و نەتەوەییەکان دابەش کراون، دابەشکردنێکی خوێناوی لە ڕێگەی شەڕ و توندوتیژییەکی وەها کە لە مێژوودا وێنەی نییە.

دوای سەد ساڵ ئێستا عێراق بەسەر سێ ناوچەی جیاوازدا دابەش بووە. کوردەکان ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن. شیعەکان لە باشوور و بەغدا باڵادەستن و لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە ڕەگی قووڵیان داکوتاوە. ناوچەی سوننەکان لە ژێر ڕکێفی داعشە، ئەو نەشتەرگەرییەی داعش لە ناوەڕاستی عێراقدا کردی، درزی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی قووڵتر کرد. بە جۆرێك کە مەحاڵە بارودۆخی سیاسی و ئیداری و دیموگرافیی عێراق بۆ قۆناغی پێش داعش بگەڕێتەوە. ئێزیدییەکان ئامادە نین وەك جاران لە تەك عەرەبی سوننەدا لە ژیان بەردەوام بن. مەسیحی و پێکهاتەکانی تری پارێزگای نەینەوایش نایانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان ئەگەر گەرەنتییەك نەبێت بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکان. سوننە حوکمی شیعە لە ناوچەکانیان قبووڵ ناکات و شیعەیش ڕێگە نادات سوننە حوکمی عێراق بگرێتە دەست. کورد دوای ئەو هەموو نەهامەتی و قوربانیدانە دەستبەرداری داواکارەکانیان نین و ڕێی سەربەخۆییان گرتووەتەبەر. ئەوە هەموو ئاماژەی ڕوونن کە عێراقی سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە.

لە سووریادا چیرۆکی دابەشبوونەکان فرەئاڵۆزترە، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە سووریا تەنیا لەسەر نەخشە چاپکراوەکانی جیۆگرافیاییدا ماوە و لە ئەرزی واقیعدا دابەش بووە. ئاشتبوونەوەی پێکهاتەی سوننە و عەلەوی لەم وڵاتەدا موستەحیلە، چونکە شەڕی ئەو دوو پێکهاتەیە نیوملیۆن کوژراو و دوازدە ملیۆن ئاوارەی لێ کەوتووەتەوە. لە لوبنانیش دەمێکە ئەم دابەشبوونە ڕووی داوە. هەر چەندە گرژی و ئاڵۆزییەکانی لوبنان وەك سووریا و عێراق توند و گەرم نین، بەڵام دابەشبوونی ڕوونی جیۆگرافی لەنێوان شیعە و سوننە و مەسیحییەکاندا هەیە و ئەوەیش لەسەر پرۆسەی سیاسی ڕەنگی داوەتەوە.

کەرەستەکانی مەرگی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بەهۆی پاڵنەرێکی دەرەکی نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو بەردی بناغەی کۆتایهاتنی سایکس پیکۆ لەو کەلێن و هەڵانەدایە کە لە بڕگە و ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەدا خۆیان حەشار داوە. ڕێککەوتنەکە، شیعە و سوننە و پێکهاتە و نەتەوەکانی لە یاد کردبوو. ئێستا شیعە و سوننە لە شەڕێکی دژواری خوێناویدان بەتایبەت لە عێراق و سووریا. لەم شەڕەدا سەرکەوتوو و دۆڕاو بوونی نییە. ئەوەی سەربکەوێت ڕێگە بە بەشداریی ئەویتر نادات لە ژیانی سیاسیدا و ئەوەی بشدۆڕێنێ بڕوای بە خۆبەدەستەوەدان نییە. ئەو ململانێیە ئەبەدییە و کۆتایی نایەت.

بەردەوامبوونی جیۆگرافیا لەسەر مۆدێلی سایکس پیکۆ گرفتەکان هێندەی تر ئاڵۆز دەکات. تیرۆر و ململانێ تایيفی و نەتەوەییەکان قووڵتر و فراوانتر دەبن و ئاشتی و ئاساییشی جیهانی دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. بەشێك لەدەوڵەتانی بەرهەمی دەستی سایکس پیکۆ لە قەیرانی مەشرووعیەت و سەروەریدا بەسەر دەبەن و بوونیان نەماوە.


بۆ ڕێگەگرتن لە کارەساتی زیاتر پێویستە پێداچوونەوە بە سنوورەکان بکرێت و ڕێککەوتنێکی تازە ببەسترێت و ناوچەکە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. ئەمەریکا و ڕووسیا و هاوپەیمانان و وڵاتانی هەرێمایەتی و هێز و گرووپە چەکدارەکان و نوێنەرانی شیعە و سوننە و کورد و نەتەوەکانی دیکە دەبێ لایەنی ئەو ڕێککەوتنە بن بۆ ئەوەی لە داڕشتن و دابەشکردنی نوێدا ڕەچاوی بەرژەوەندی و ویستی هەموو لایەك بکرێت. پێداچوونەوەکە دەبێ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە ئەولەوییاتی خۆیدا بنێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ململانێی شیعە و سوننە وەك پێوەرێکی گرنگی دابەشکردنی ناوچەکە سەیر بکات. فەڕەنسیس ڕیچارد دۆنی سەفیری پێشووی ئەمەریکا لە تورکیا و مسر و توێژەری ئەنجوومەنی ئەتلەنتی پەیوەست بەم باسەوە دەڵێ: «ئەگەر کێشە سەرەکییەکە چارەسەر نەکرێ و بۆشاییەکان وەك خۆی بمێننەوە و بە ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلان و دانیشتووانی ناوچەکە پڕ نەکرێتەوە، ئەوا تیرۆر و توندڕۆیی پڕی دەکاتەوە». ئەم وتەیە وەڵامێکی گونجاوە بۆ ئەوانەی هێشتا سەقامگیری لە کلێشەی سایکس پیکۆدا دەبینن و ترسی گۆڕانکارییان هەیە. کارنامەی سەد ساڵەی ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ نەمانی سەروەری و مەشرووعییەتی دەوڵەتانی ناوچەکەیە و دانیشتووانیش بوون بە دوژمنی یەکتر. مەرگی سایکس پیکۆ حەقیقەتێکە ڕووی داوە و دەبێ هەموو لایەك دانی پێدا بنێت.

**ئەو نەشتەرگەرییەی داعش لە ناوەڕاستی عێراقدا کردی، درزی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی قووڵتر کرد. بە جۆرێک کە مەحاڵە بارودۆخی سیاسی و ئیداری و دیموگرافیی عێراق بۆ قۆناغی پێش داعش بگەڕێتەوە**

**ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تەنیا کردنەوەی دەرگەی جەهەننەم نەبوو بە ڕووی دانیشتووانی ناوخۆی دەوڵەتە تازەکان، بەڵکو ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ یەکتریشدا گرفتیان هەبوو و لە بری هاوکاریکردنی یەکتر لەدژی یەکتر دەوەستانەوە**

**پرۆژەی نەتەوەسازیی دەوڵەتە قەڵپەکان کە لە هەناوی سایکس پیکۆ هاتنەدەرێ نەیتوانی بە زۆری چەک و تۆقاندن و سەرکوتکاری سەربکەوێت. لەبەرانبەردا پێکهاتە نەتەوەیی و تایيفییەکان پەرچەکرداریان نواند کە بەهێزترینیان شۆڕش و جووڵانەوەکانی گەلی کورد بوو**

# بەر لە ڕووداوی کارەسات ئامێز با کورد ماڵی خۆی جیا بکاتەوە



ئومێد خۆشناو
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر بڵێین جەوهەری دیموکراسییەت پرۆسەیەکی دوور و درێژە و جەماوەر تێیدا بەشدارە و خۆی بڕیار لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان دەدا، ئێمە شتێکی نوێمان نەدرکاندووە، چونکە دەزانین دیموکراسییەت بۆ خۆی لە ڕەحمی جەماوەر لە دایك بووە و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەبینین، ئەگەرچی حکومەتی زۆرینە، ڕەخنەی جیددی لەسەرە، لەگەڵ ئەوەش، ئەم شیوە حوکمڕانییە بە یەکێك لە بنەما فەلسەفییەکانی دیموکراسی دەژمێردرێ. پرسیارە جیدییەکەش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئایا ئەم پێناسە تەقلیدییە بۆ هەموو کات و هەموو زەمەنێك و هەموو وڵات و هەرێمێکە، یان ئەم تەعریفە بۆ وڵاتێکی خاوەن سەروەری گونجاوە، بۆ ئێمەی کوردیش هەر لەبارە؟ بێگومان بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دۆخە نالەبارەی هەنووکە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پێدا گوزەر دەکات، وەڵامەکەی لەلای هەموو عاقڵمەندێك (نەخێر) دەبێ.

ماکیاڤیلی لە کتێبی (میر)دا دەربارەی وروژاندنی هەندێ پرسی هەستیار و تایبەت دەنووسێ: «بەهیچ جۆرێك نابێت میللەت بەشدار بێت لە کێشە و دانوستانەکاندا و ناکرێت ڕێگە بدرێت خەڵکی بڕیاردەری پرسەکان بن، پێویستە یەکلاکردنەوەی کێشەکان لەوان بشاردرێتەوە، چونکە ئەوان هەمیشە وا بە باش دەزانن کێشەکان کۆتاییان پێ بێت، ئاراستەی چارسەرەکانیان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانە». ماکیاڤیلی دامەزرێنەری بیری ڕامیاریی نوێیە، کە بۆ یەکەمجار لە پێواژۆی ڕێنسانسدا باسی لە قەیرانی ناسنامەی ڕامیاری کردووە و هەوڵیداوە لە ڕێگەی دانانی چەمکێکی نوێی ڕامیارییەوە، لە نەریتی سیاسیی پێواژۆ و قۆناغی خۆی دووربکەوێتەوە، پێیوابووە سیاسەت سیمایەکی نائاکاریی (نائەخلاقی) هەیە و لە ناو سیاسەتدا هەموو کارێك ڕێگەپێدراو و ڕەوایە و سیاسەت لە هەموو ڕەهەندێکی پیرۆز داماڵدراوە، بۆیە مەرجەکانی بۆ سیاسەتێکی دروست ئەمانەی سەرەوە بوون. ئاسانترین تەعبیر بۆ ئەم تێڕوانینەی ماکیاڤیلی ئەوەیە کە ناوبراو لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی، یان بەرژەوەندیی ستراتیژی پشتیوانی لە تاك لە بەرانبەر گوشاری بیروڕای گشتی دەکات، واتە پشتیوانی لە تاك لە بەرانبەر دەستێوەردانی

راستەوخۆی گشتی دەکات. مەبەستم لە تاك لێرە نوخبەی دەسەڵاتە (کەسانێکی لێهاتوو) ئەوەی دیکەش دیارە خەڵکە عەوامەکەی کۆمەڵگەیە، بۆیە بەشداریکردنی گشتی لە کاروبارەکاندا، تا ئەو شوێنەی لە خزمەتی بەرەوپێش چوونی کاروباری گشتیی وڵاتدا بێ پێویستە، چونکە ئەو کات ئامانجی کۆتاییش ئەوە دەبێ، کە هەموو تاکەکان لە بەرزترین پێگەی سیاسیی وڵاتدا خاوەن پشك بن، ئەمەش بۆخۆی وادەکات لە سیستمی سیاسیی دیموکراتیکدا، خەڵك ناچاربن بیر بکەنەوە و پێش بکەون. تاوەکو بەشداربن لەو بڕیارانەی کە دەدرێن. ئەم هەنگاوانە هەموویان بەسەر یەکەوە هەڵوەستەی عەقلانییەتیان پێویستە، کە دەکاتە حوکمدانێکی مەنتیقی لە دەرەوەی کاریگەرییەکانی سۆز و عەتفی سیاسی. بڕینی ئەو ڕێگایانە وەك ماکیاڤیلی دەڵێ، تا گەیشتنی بە بەندەری ئەمان، نابێت لە زانیارییەکانی نوخبەی سیاسی بچێتەدەرەوە، دواتریش هەموان لە سایەیدا دەحەسێنەوە، عەقڵانییەتیش وەك چۆن لە تیۆری عەقڵانییەتدا هاتووە «خەسلەتێکی جیاکەرەوەیە، کە تاکەکان، گروپ و کۆمەڵەکان، لە بواری بیرکردنەوە و ئەندێشە، هەڵسوکەوت و ڕەوشت و هێما گشتییەکاندا بەکاری دێنن. عەقڵانییەت بریتییە لە بیرکردنەوە و کارێکی وشیارانە. لە عەقڵانییەتدا ئامانجە بەرهەستەکان پێوەندییەکی لوژیکییان پێکەوە هەیە و جۆرێك سەقامگیری و پتەویی دوولایەنەیان هەیە و بە شیاوترین ڕێگا ئامرازەکان وەدەست دێن» قسەمان لەسەر عەفەوییەتی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردییە، ئایا ئەو سیاسەتەی ئێمە وەك گەمەیەك دەیکەین، سیاسەتێکی نوخبەوییە، یان هەر خودی نوخبەی سیاسی کوردیش زۆرجار دەکەونە ژێر کاریگەریی شەقام و خۆیان لەبیر دەکەن؟ لە کاتێکدا کە پێویستە بە هۆشیاری و وریایی سیاسەت بکەن و نەکەونە ژێر فشاری عاتیفەی جەماوەرەوە، بەو مانایەی ئەوان، لەو شوێنەوە هاتوونەتەوە، کە ئەوان دەیانەوێ پێی بگەن، بەڵکو زۆر جار ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەش بۆتەوە، واتە نوخبەی سیاسی خۆی دەغدەغەی جووڵەی شەقامی داوە، تاوەکو بەرژەوەندییەکی تایبەت بەدەست بهێنێ، کە زۆرجاریش ئەم کردارە پەرچەکردارێکە بۆ ڕازیکردنی (ئەوی دی)، کە لە ئەسڵدا بە زیانی گشتی تەواو دەبێ. ئەم کورتبینییە سیاسییەش لە کۆتاییدا زیانی گەورە لە پرۆسەکە دەدات. کەواتە هەر سروشتی دیموکراسی پێویستی بەوەیە کە نوخبەی سیاسی لە خەڵکی عام دووربینتر و هۆشیارتر بن. ئەگەر هۆشیار نەبن، ناتوانن تەحەکوم بە بڕیاری خۆیانەوە بکەن، هەر ئەمەش خاڵی جیاوازی نێوانیانە. لە هەموو ئەو تێڕوانینانەی خستمانەڕوو، پرسیاری ئەوە دێتەئاراوە، ئایا سیاسەتکردن بەو چەمکەوە مەبەست ئیحتیکارکردنی سیاسی نییە لەلایەن نوخبەی سیاسییەوە؟ ئایا ئەوەیان ناچێتە قاوغی چەوساندنەوەی سیاسییەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەوەشمان هەر بە (نەخێر) دەبێ.

توێژەرانی سیاسی، کە باس لە دنیای مۆدێلی سیاسیی ئەمڕۆ دەکەن، چەوساندنەوەی سیاسی بە چەمکێکی ئاشنا دەناسێنن و وەك بەرجەستەترین کاردانەوەی جیهانی دەرەکی پێگەیەکی هەمیشەیی لە نێو کۆمەڵگەدا داگیرکردووە. بە شێوەیەك کە بۆتە جێگای بایەخپێدان و گفتوگۆی بیرمەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

چەوساندنەوەی سیاسی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە، کە ئەم قسەیەی ئێمە شەرعییەتدان نییە بەو چەمکە، بەڵکو کار و خەباتی سیاسی لە پێناو ڕەواندنەوە و نەهێشتنی ئەو دیاردەیەیە، کە بە دیاردەیەکی سیاسیی مەترسیداری جیهان ناودەبردرێ، کە ئەمڕۆ لە ناو هەناوی کۆمەڵگەی مروڤایەتی چەکەرەی کردووە. ئەم دیاردەیەش تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەهۆی گەشەی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری و میدیاوە، فۆڕمێکی جیهانی وەرگرتووە. واتە سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەتانی بەزاندووە و ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرتووە. تەنانەت ئەم مۆدێلە لەناو نەتەوە داگیرکراوەکان بە هۆکاری دەرەکییەوە بەردەوام لەپرۆسەی خۆبەرهەم هێنانەوەدایە، بۆیە دەبینین، ئەو دەنگە زاڵترە کە خودان هێزە، لە بەرامبەردا ئەوانەی تازە هاتوونەتە گۆڕەپانەکەوە بۆ مەکسەبی سیاسی دەست بۆ پۆڵوی ئاگری سووریش دەبەن، لێرەشەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکان دیالۆگ ڕەتدەکەنەوە و یاخیبوونی سیاسی ڕادەگەیەنن، ئەوەش ئەو ڕاستییەمان پێ نیشاندەدا بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا کە ئەم مەسەلەیە تا چ ڕادەیەك لە سەر گەشەی فیکریی قۆناغەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵ و کاریگەری هەیە. ئەگەر هەرێمی کوردستان بە نموونە وەربگرین، دەبینین ئەم مەسەلەیە

**ئەوەی ئەمڕۆ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەن، ئەوەیە کە دەبێ بەرژەوەندییە تەسکەکان وەلا بنێن و بە عەقڵییەتی نەتەوەیی و خەمخۆرییەوە شەنوکەوی پرسەکان بکەن و لە گۆشەبینییەکی واقیعییەوە لە ڕەوشەکە بڕوانن، کە بە نیازپاکی بەرامبەر بە یەکتری دێتەئاراوە و بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی سپی مەبەستی خۆی دەپێکێ**

**(حەوزەی نەجەف) یەکەم مەڵبەند و یەکەم پێگەی پێگەیاندنی فێرخوازانی شیعەی عێراق و جیهان بووە، بەڵام هەندێ بارودۆخ و پێشهاتی سیاسی و جوگرافی و (حەوزەی قوم)یان کردووە بە ڕکابەری یەکدی. کێبەرکێی نێوان حەوزەکانی نەجەف و قوم کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین، تەوەری سەرەکی ئەم کێبەڕکێیەش لە سەر ویلایەتی فەقیە و حوکمڕانیی شەرعزانە کە هەمیشە نەجەف پارێزگاری لە ڕێبازی دوورکەوتنەوە لە سیاسەت کردووە، بەڵام ئێران و حەوزەی قوم هەمیشەی ئیشتیهای پەلهاویشتنی بۆ عێراقیان هەیە**

**سەروەر بوونی یاسا لە عێراق تەنیا ناوێکە و وەکو دروشمێکی رازاوە دەگوترێتەوە. بەشداری سیاسیی هەرێم لە بەغدا لە رواڵەتێکی رەسمیدا بەو شێویەی گوزارەشتی لێدەکرێت، وەک ئەوەی ئەو بەشدارییە چارەسەر بێت بۆ کۆمەڵێ کێشە و سەرئێشەی چارەنووسساز، بەڵام راستییەکەی ئەم بەشدارییە کۆمەڵێ کێشە و گرفتیش دەشارێتەوە، کە دواجار دەکرێ لە هەر کاتێکدا بتەقێنەوە**

**ماڵی شیعە زۆر بە جوانی یارییەکە دەکەن و نەخشە و پلانی خۆیان بۆ کێشاوە، ئەوەتا دژایەتییەکە بەو شێوەیە وێناکراوە، کە لە لایەکەوە بانگەشەیە بۆ دیموکراسی، لە لایەکی ترەوە ئەو پەڕی تۆقاندن و ترساندنی بەرامبەرە، ئەویش لە رێگەی تەسککردنەوەی پانتایی پڕۆسەی دیموکراسی لە بەغدا و بە ناوی حکومەتی تەکنۆکرات. لە کاتێکدا خودی سیاسەتی تۆقاندن لە هیچ رەهەندێک و بڕگەیەکدا لەگەڵ کەلتوور و رەوتی دیموکراسیی تەندروست یەک ناگرنەوە و زیاتر لە خەسلەت و هەڵسوکەوتی فاشییەت نزیکن**

پەیوەیست نییە، بە (نەستی کۆمەڵگە- لاشعور المجتمع) بەڵکو تاکە کەسێك بەرهەمهێنیەتی و ئاراستەی کۆمەڵی دەکات، ئەمەش بۆ وەدەستهێنانی ئامانج و مەبەستێکی تایبەت پێڕەوی لێدەکا و تا رادەیەکی زۆر لە مەنهەجییەتی کاری نوخبەوی سیاسی دووردەکەوێتەوە و بۆ ئامانجی دیاریکراوی خۆی بەکاری دەهێنێ، بۆ نموونە پەنا دەباتە بەر هاندانی شەقام و جۆشدانیان، یاخود سازدانی خۆپیشاندانەکان، ئەنجامدانی توندوتیژیی بە پاساو، یان هێنانەوەی جۆرەها دروشمی هەنووکەیی، بە رادەیەك لە رێگەی گوشار و پاڵەپەستۆی ناڕاستەوخۆ و شاراوە کاریگەری لەسەر هۆش و دەروونی خەڵك دادەنێ و رەنگدانەوەی خراپیش لەسەر دەروونی تاکەکان فەراهەم دێنێ، بۆیە ئەمڕۆکە بەداخەوە دەبینین، زۆرێك لەو توێژەرانەی لەسەر تیۆرەکانی شیکردنەوەی چەمکی سیاسەت کار دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە لە هەرێمی کوردستان سیاسەت روویەکی سەیر بە خۆیەوە دەبینێ، بە شێوەیەك هیچ لە پرەنسیپەکانی زانستی سیاسەتی لێ بەدی ناکرێ، زانستی سیاسەتیش وەك هەر زانستێکی تر بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵك و ژیانی مرۆڤە، نەك تێکدانی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زیاتر بۆ تێکدان و ناشیرینکردنی خودی ئەو زانستە جوانەیە. سیاسەت کردن وەکو نەخشەی فەلسەفی بۆ کێشراوە بە مەبەستی، بەرهەمهێنانی نەوەی تەندروست و کۆمەڵگەی تەندروست و باشتر و خۆشترکردنی ژیانی تاکی کورد نییە و پێچەوانەی هەموو تیۆرە سیاسییەکانی نووسراوە. زانستی سیاسەت فەننی مومکینات نییە و سیاسەت بریتی نییە لە هونەری بەڕێوەبردن، یان شێوازێك بێت لە میکانیزمی بەڕێوەبردن، یان سیاسەت هونەری سوودوەرگرتن بێ لە تواناکان، بەڵکو ئەوەی باوە لەم هەرێمەی ئێمەدا ئەو هەقیقەتەیە کە سیاسەت ململانێیە لە پێناو دەسەڵات، بەڵام کام دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەی هێشتا بناغەی بە تەواوەتی دانەکوتاوە و پێویستی بە بناغەی پتەو هەیە، یەکێك لەو کێشانەی ئەمڕۆ بە دەستییەوە دەناڵێنین تەعمیم کردنی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە و شۆڕبوونەوەیەتی بۆ خوارەوەی کۆمەڵگە. خەڵك بە جۆرێك لەو شێوازە ناشیرینەی سیاسەت ئاشنا بوون، کە بڵێن سیاسەت دەستکەوتی مادییە و سیاسەت تەنیا دەسەڵاتە، یان دەڵێن سیاسەت درۆیە، بەگشتی تاکی کورد لە جیاتی ئەوەی بە سیاسەتکردن تەمەتوع بکات، بۆتە ئامرازێك بۆ قێزکردنەوە لێی. ئەم جۆرە تێگەیشتنەش بۆتە نەریت و بە هەموو شێوەیەك کاری کردووە بۆ ئەوەی سیاسەت ناشیرین بکات.

هەموو ئەو کردارە سیاسییانە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەو بیرکردنەوەیە، کە سیاسەت بە ناشیرینی ببیندرێت و بەهای مۆرالی خۆی لە دەست بدات و لای تاکەکانی کۆمەڵگەش هەر بە ناشیرینی بمێنێتەوە. کەوابوو ئەوەی ئەمڕۆکە هەندێك لە بەرپرسانی حزبی لە هەرێمی کوردستان بە ناوی سیاسەتەوە کردوویانەتە رێبازی کارکردنی بەرنامەی خۆیان، تەنیا یەك رێگەیە، ئەویش (ناشیرینکردن)ی لایەنی بەرامبەرە، لاوازکردن ئەجێندای یەکترە، سڕینەوە و هەزم نەکردنی ئەوەی ترە. ئەم شێوە کارکردن و تێڕوانینە لە یەکتر، لەگەڵ پێوەری ئەخلاقی سیاسییدا ناگونجێ و دروستکردنی کەلێنێکی کەلتووری، سیاسی و دیموکراسیی گەورەشە، کە لە تێگەیشتنی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردەواریدا جێگای نابێتەوە و مەنتقیش قبووڵی ناکات، چونکە خەباتی سیاسی هەر حزبێك ئەگەر بووە دیفاکتۆ، بێگومان رەگ و ریشەی خۆی دادەکوتێ. لە رابردووی نزیك، کۆمەڵێك هێما و سیگناڵی ناتەندروست و نیگەران ئامێز باڵیان بەسەر پێوەندییەکانی هەولێر و بەغدا گرت. ئەو هێمایانە دەربڕی هەندێك رەفتارن، کە لە ئەگەری بەردەوامبوون و چڕبوونەوەیاندا رەنگە هەرێمی کوردستان بەرەو ئاقاری ترسناك پەلکێش بکەن، بەتایبەتی لە پاش شکاندنی شکۆی پەرلەمان، کە بە ئیعازی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو ئەنجامدرا، نەك وەك هەندێ لایەنی شۆڤینستی عەرەب دەڵێن، ئەو خۆپیشاندان و هەڵکوتانە سەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خۆڕسك و عەفەوی بووە، پەرچەکرداری جەماوەری تووڕە بووە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە، کە ئەم گەمەکردنە سیاسییە جارێکی دیکە مەبەستی دووبارەکردنەوەی سیناریۆی حوکم و دەسەڵاتی رەهایە لە عێراقدا، دوای ئەوەی نەیانتوانی بە پرۆسەی دیموکراسی و زمانی قانون یارییەکە ببەنەوە، دەیانەوێ و مەبەستیانە بەو رێگەیە پرسە ئاڵۆزەکان یەکلایی بکەنەوە! ئەگەر ئێمە بە وردی تێبینی بکەین، دەبینین ماڵی شیعە زۆر بە جوانی یارییەکە دەکەن و نەخشە و پلانی خۆیان بۆ کێشاوە، ئەوەتا

دژایەتییەکە بەو شێوەیە وێناکراوە، کە لە لایەکەوە بانگەشەیە بۆ دیموکراسی، لە لایەکی دیکەوە ئەو پەڕی تۆقاندن و ترساندنی بەرامبەرە، ئەویش لە ڕێگەی تەسککردنەوەی پانتایی پرۆسەی دیموکراسی لە بەغدا و بە ناوی حکومەتی تەکنۆکرات. لە کاتێکدا خودی سیاسەتی تۆقاندن لە هیچ ڕەهەندێك و بڕگەیەکدا لەگەڵ کەلتوور و ڕەوتی دیموکراسیی تەندروست یەك ناگرنەوە و زیاتر لە خەسلەت و هەڵسوکەوتی فاشییەت نزیکن. بەم مانایە ئەو گەمە سیاسییەی ئەمڕۆ بەغدا دەستی داوەتێ، ئامرازی هەرە کاریگەر بوون، کە بە درێژایی مێژووی ململانێیەکان وێنەی دووبارەبووەوەی هەبووە و بێگومان ئەم مەسەلەیەش هیچ سەلماندنی ناوێ، چونکە وەك ڕوونە سەروەر بوونی یاسا لە عێراق تەنیا ناوێکە و وەکو دروشمێکی ڕازاوە دەگوترێتەوە. بەشداریی سیاسیی هەرێم لە بەغدا لە ڕواڵەتێکی ڕەسمیدا بەو شێوەیەی گوزارشتی لێدەکرێت، وەك ئەوەی ئەو بەشدارییە چارەسەر بێت بۆ کۆمەڵێ کێشە و سەرئێشەی چارەنووسساز، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم بەشدارییە کۆمەڵێ کێشە و گرفتیش دەشارێتەوە، کە دواجار دەکرێ لە هەر کاتێکدا بتەقنەوە. پێشهاتەکان ئەوەمان پێدەڵێن، کە ئەگەر بەشداریی سیاسیی هەرێم و بەغدا لەوە زیاتر درێژە بکێشێ و بەردەوام بێت، ئەگەری ڕوودانی هەندێك «موفاجئەی کارەسات ئامێز» هەیە، کە پێشبینیکردنی لەوانەیە چاوەڕواننەکراو بێت بۆ دۆزی کورد، ئەو پاداشتەی پێشمەرگەکانی کوردیش وەریانگرتەوە لە بەرامبەر پارێزگاریکردن لە خورماتوو بە دەستی (حەشدی شەعبی)یەوە، بەڵگەیەکی کیفایەتە بۆ نیازخراپیی ئەوان بەرامبەر بە کورد، کە هەر کاتێك دەستی خۆیان ببینن، کەس ناناسن.. لە بەرامبەر ئەم موئامەرەیەدا پێویستە کورد بە پەلە و بە پلان هەموو ڕێگاکان بگرێتە بەر بۆ دوورخستنەوەی ئەم عەقڵییەتە شەڕانگێز و مەترسیدارە لەسەر کوردستان. بۆیە ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە بەغدا ڕوویدا، جگە لەوەی پەیامی ترساندنی ڕاستەوخۆی کورد بوو، کە گەیشتە ئاستێکی هەرە ترسناك، لە هەمان کاتدا خیلاف و ململانێی مێژوویی خودی ماڵی شیعەشە، کە بە کورتی (حەوزەی نەجەف) یەکەم مەڵبەند و یەکەم پێگەی پێگەیاندنی فێرخوازانی شیعەی عێراق و جیهان بووە، بەڵام هەندێ بارودۆخ و پێشهاتی سیاسی و جوگرافی و (حەوزەی قوم)یان کردووە بە ڕکابەری یەکدی. کێبەڕکێی نێوان حەوزەکانی نەجەف و قوم کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین، تەوەری سەرەکی ئەم کێبەرکێیەش لە سەر ویلایەتی فەقیە و حوکمڕانیی شەرعزانە کە هەمیشە نەجەف پارێزگاری لە ڕێبازی دوورکەوتنەوە لە سیاسەت کردووە، بەڵام ئێران و حەوزەی قوم هەمیشەی ئیشتیهای پەلهاویشتنی بۆ عێراقیان هەیە، چونکە لە لایەك بوونی ڕکابەرێکی وەك نەجەف بۆ بیری ویلایەتی فەقیە شتێکی ترسناکە، لە لایەکیتر هەرچی پیرۆزییە گەورەکانی شیعەیە جگە لە ئیمام ڕەزای مەشهەد هەمووی لە نەجەف و کەربەلا و سامەڕا و بەغدان. لەم ڕوانگەوەیە کە موقتەدا سەدر مەبەستیەتی ئەو حیساباتە لە بەرژەوەندی خۆی یەکلا بکاتەوە.

کێشەکانی ناو ماڵی شیعە وایکردووە قسەش لە سەر ئەوە بکرێت، کە چەند کەسێك دەیانەوێ شوێنی عەبادی بگرنەوە و ببنە سەرۆك وەزیران، لەوانەش نوری مالیکی و هادی عامری. بەڵام مێژوو پێمان دەڵێ، تەنیا گۆڕینی سەرۆك وەزیران، ناتوانێت کۆتایی بە قەیرانەکان بهێنێت. بەرپرسی حەشدی شەعبی هادی عامری دەڵێت: «ئەگەر پێغەمبەرێك عێراق بەڕێوەببات، ناتوانێت هەموولایەك ڕازی بکات.» ئێستا ڕوونتر تێدەگەین بۆچی مامەڵەی حکومەتی بەغدا، لەگەڵ هاوولاتیانی کوردستان بەم ڕۆژە گەیشتووە. ئەوان پشتیان بە سیاسەتێکی ستەمکار و نائەخلاقییانە بەستووە و ناکەونە هیچ کوێی زانستی سیاسەت و حوکمڕانی سەردەمییەوە، چونکە بەرامبەر بە گەلی کورد سیاسەتی بێمۆڕالانە پەیڕەو دەکەن، بۆیە هەمیشە لە ستەم و گلۆربوونەوەوە نزیکن، دواتر ئەو ڕاستییەی پێویستە ورد و درشتی تاکی کورد بیزانێت، ئەو هەقیقەتەیە کە بەشێك لە زلهێزەکان و بەتایبەتی وڵاتانی بەرکەوتەی کورد وەك (تورکیا، ئێران و عێراق ) نایانەوێت کورد خاوەنی هێز و سەربەخۆیی خۆی بێت، بۆیە تاکە دەرمان و چارەسەر، تەنیا یەکگرتوویی ماڵی کوردە کە دەتوانێت بە کەمترین زەرەر لەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە دەربچێت کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدات. باشترین کاری ئێستای کورد ئەوەی کە لە مێژە چاوەڕێین و لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە پەشیمانی

**زۆرێک لەو توێژەرانەی لەسەر تێۆرەکانی شیکردنەوەی چەمکی سیاسەت کار دەکەن، گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی، کە لە هەرێمی کوردستان سیاسەت ڕوویەکی سەیر بە خۆیەوە دەبینێ، بە شێوەیەک هیچ لە پرەنسیپەکانی زانستی سیاسەتی لێ بەدی ناکرێ**

**سروشتی دیموکراسی پێویستی بەوەیە کە نوخبەی سیاسی لە خەڵکی عام دووربینتر و هۆشیارتر بن. ئەگەر هۆشیار نەبن، ناتوانن تەحەکوم بە بڕیاری خۆیانەوە بکەن، هەر ئەمەش خاڵی جیاوازی نێوانیانە**


**ئەوەی ئەمڕۆکە هەندێک لە بەرپرسانی حزبی لە هەرێمی کوردستان بە ناوی سیاسەتەوە کردوویانەتە ڕێبازی کارکردنی بەرنامەی خۆیان، تەنیا یەک ڕێگەیە، ئەویش (ناشیرینکردن)ی لایەنی بەرامبەرە، لاوازکردن ئەجێندای یەکترە، سڕینەوە و هەزم نەکردنی ئەوەی ترە. ئەم شێوە کارکردن و تێڕوانینە لە یەکتر، لەگەڵ پێوەری ئەخلاقی سیاسییدا ناگونجێ و دروستکردنی کەلێنێکی کەلتووری، سیاسی و دیموکراسیی گەورەشە، کە لە تێگەیشتنی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردەواریدا جێگای نابێتەوە**

بۆ دەخوازین. لە دوای ئازادکردن و چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم زۆر بە ئاسانی ناوچە ئازادکراوەکانمان رادەستی هێزەکانی ئەمریکا کرد. لە دوای شکستێکی دیکەی گەورەی سوپای عێراق، خۆشبەختانە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخسایەوە، کە هەموو خاکی کوردستان کۆنترۆڵ بکەنەوە، ئەوەی ئەمڕۆ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەن، ئەوەیە کە دەبێ بەرژەوەندییە تەسکەکان وەلا بنێن و بە عەقڵییەتی نەتەوەیی و خەمخۆرییەوە شەنوکەوی پرسەکان بکەن و لە گۆشەبینییەکی واقیعییەوە لە رەوشەکە بڕوانن، کە بە نیازپاکی بەرامبەر بە یەکتری دێتەئاراوە و بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی سپی مەبەستی خۆی دەپێکێ، بۆیە هەر سازشکردنێك لەم بارەوە گەورەیی نواندن و گەڕانەوەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی و دواتر داڕشتنی نەخشەڕێگەی نوێی سیاسیی ستراتیژییە، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە بە شێوەیەکی ریشەکێش کورد لە پاشماوەکانی سیاسەتی عێراق بەتایبەتی گرێدانەوەی کورد جارێکی تر بە دەوڵەتی عێراق، خۆی رزگار بکات و لە ژێر ئەو هەیمەنە بێنە دەرەوە. ئەم قوربانیدانەش ئەوە دەهێنێ، کە کورد دەیان ساڵ خەباتێکی پڕ لە خوێن و تراژیدیای بۆ کردووە، لە پێناو کرانەوەی هەرچی دەرگا و پەنجەرەی جیهان هەیە بە رووی هەرێمی کوردستاندا، وا دەبینین ئەمڕۆکەش ئەو دەرگایانە کراونەتەوە تەنیا ئەوەی پێویستە کە چۆن بە یەکگرتوویی و بە یەکدەنگی و یەکدەستی دەچینە ژوورەوە.

ئەم گۆڕانکارییە ئیقلیمی و جیهانییانەی ئەمڕۆ فەراهەم بوون، بوونەتە یاریدەدەر بۆ ئەوەی زوو، یان درەنگ، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئیعلان بکەین. دیارە ئەمەش بانگەوازێکی بەپەلەی گەرەکە بۆ دانیشتنێکی دەستەجەمعیی سەرجەم حیزب و سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان، بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخەکە و داڕشتنی شێوازی پلاندانانێکی گشتگیرانە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێشهاتە نوێیەدا و کوتانی دوایین بزمار لە تابوتی دەوڵەتی بەناو عێراقی دروستکراو و بە زۆر پێکەوە لکێندراو..

**ئەم گۆڕانکارییە ئیقلیمی و جیهانییانەی ئەمڕۆ فەراهەم بوون، بوونەتە یاریدەدەر بۆ ئەوەی زوو، یان درەنگ، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئیعلان بکەین. دیارە ئەمەش بانگەوازێکی بەپەلەی گەرەکە بۆ دانیشتنێکی دەستەجەمعیی سەرجەم حیزب و سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان، بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخەکە و داڕشتنی شێوازی پلاندانانێکی گشتگیرانە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێشهاتە نوێیەدا و کوتانی دوایین بزمار لە تابوتی دەوڵەتی بەناو عێراقی دروستکراو و بە زۆر پێکەوە لکێندراو**

# کوردستان لە چاوەڕوانیی دەرفەتێکی مێژووییدا



د.چنار سەعد عەبدوڵا*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەمڕۆکە لە ناوەندی سیاسیی کوردستاندا جەدەلێکی گەرموگوڕ سەبارەت بە دەوڵەتی کوردستان لە ئارادایە، بە جۆرێك ئەو ناوەندەی بۆ سێ بەرەی سەرەکی دابەش کردووە. بەرەیەکیان پێیوایە کە لە ئێستادا باشترین دەرفەت بۆ گەلی کوردستان هاتۆتەپێش کە بڕیار لەسەر سەربەخۆیی بدات و چیتر با کات بەفیڕۆ نەدرێت، کە پارتی پێشەنگی ئەو بەرەیەیە. بەرەی دووەم، هەرچەندە لەملاوئەولا دەم لە پێویستی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەدات بۆ

پرسی سەربەخۆیی، کەچی تا ئێستا هەڵوێستێکی ڕوون و یەکلاکەرەوەیان لەسەر ئەو پرسە دەرنەبڕیوە، بۆچوونەکانیان زیاتر بەو ئاڕاستەیە کە جارێ کوردستان بۆ ئەو قۆناغە ئامادە نییە و دامەزراوەکانی باش کامڵ نەبوون تا ئیدارەی دەوڵەتی پێ بکرێت، کە یەکێتیی نیشتمانی لایەنێکی سەرەکیی ئەو بەرەیەیە، بەرەی سێیەمیش تا ئێستا بیروڕای خۆی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان بە ڕوونی دەرنەبڕیوە، بۆچوونەکانیان زێتر ڕاڕایی پێوەدیارە. لە ژێر کاریگەریی دۆخی سیاسیی ناوخۆدا لە هەندێك کاتدا بۆچوونەکانیان دژ، یان نزیکە لە بۆچوونی بەرەی یەکەم، هەندێك جاریش بەلای بەرەی دووەمدا دەشکێنەوە. ئەوانەی دەکەونە خانەی ئەو بەرەیەوە بە شێوەی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان و زۆر لە پارتە ئیسلامییەکان لەخۆ دەگرێت.

چۆن دەکرێ ئەو بەرە جیاوازانە لە دەوری ئامانجێکی هاوبەشدا کە ئەویش پرسی سەربەخۆیی کوردستانە کۆبکرێنەوە؟

پێداگیریی پارتی سەبارەت بە ئامادەسازی کردن بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پشت بە ئەزموونی دەوڵەمەندی دەیان ساڵەی ئەو پارتە دەبەستێت لە کاری سیاسی، ئیداری، پێوەندی دیپلۆماسی و سەربازیدا . هەروەها ئەم ویستەی پارتی پشت ئەستوورە بە واقیعی ناجێگیری دەوڵەتی عێراق و ناوچەکە بەگشتی و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە چاوەڕوان دەکرێن. پارتی نکۆڵی لە کەموکوڕی و کێشە ئابووری و ئیداری و سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ناکات، بەڵام باوەڕی تەواویشی بەوە هەیە کە لە ئەگەری بوون بە دەوڵەتدا دەرفەتی زۆرمان دەبێت بۆ چارەسەرکردنی گشت پرسە ناوخۆییەکان. پارتی و سەرۆك بارزانی خاوەنی ئەو شانازییە گەورەیەن کە توانییان پرسی سەربەخۆبوونی کوردستان لە چوارچێوەی خەیاڵ و خەونی میللەتێکدا بکەن بە بابەتێکی واقیعی و گەرموگوڕی مەیدانی کاری سیاسی و شەقام. لە دوێنێدا ئەگەر باسکردنی ئەو پرسە ببووە تابوو، لە ئەمڕۆدا لە سەر ئاستی زۆر بەرزی سیاسیی جیهاندا قسە و باسی لەسەر دەکرێ. کەواتە پارتی لە بە مەوزووع کردنی (دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان) لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام چۆن دەتوانێت ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت و ئەو پرسە ببات بۆ قۆناغی کۆتایی و جێبەجێکردن، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو فرە بۆچوون و دژە بۆچوونانەی لە سەر ئاستی ناوخۆدا لەمەڕ پرسی سەربەخۆیی هەیە؟

هەستیاریی ئەو قۆناغە، ئەزموونی بەرەی کوردستانی ساتەکانی بەر لە ڕاپەڕینمان بەبیر دەهێنێتەوە. ئەگەر لەو سەردەمەدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاریان لەسەر ئەوە نەدابا کە بە کۆدەنگی و هەماهەنگی و پاڵپشتی کردنی یەکتری گشت شاروشارۆچکەکانی کوردستان ئازاد بکەن و بیپارێزن، چی ڕووی دەدا؟ ڕەنگبێ هەر هێز و پارتێك ناوچەیەکی کۆنترۆڵ کردبا، یان هەندێك شوێن هەر کۆنترۆڵ و ئازادیش نەکرابان. لە هەندێك شوێنیش ڕەنگ بوو لەگەڵ یەکتری تووشی گرژی وپێکدادان ببان، ڕێیشی تێدەچوو وڵاتانی ناوچەکە لە پشتەوە دنەیان بدەن بۆ بەگژ یەکتریدا بردنیان و سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینی کوردستان، چونکە هەر لە بنەڕەتدا زۆر پێی مورتاح نەبوون. ئەگەر ئەزموونی پێکەوە کارکردنی بەرەی کوردستانی نەبا، تۆبڵێی ئەمڕۆ ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بوونی هەبا؟

هەرچەندە لە ئێستادا هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمیدا، ڕۆڵ و کاریگەری و قورسایی جیاوازیان هەیە، بەڵام بۆ سوودوەرگرتن لەو هەلە زێڕینەی کە بۆ گەلی کوردستان هاتۆتەپێش، پێویستە جارێکی دیکە بە پشت بەستن بە کاری بەرەیی و گرتنە بەری بنەمای بەشداریکردن لە ئێستا و داهاتوودا، پارتی هەموو هێزە سیاسییەکان، یاخود زۆربەی ئەو لایەنانەی کە ئامادەگی و باوەڕیان بەو پرسە هەیە، لە دەوری ئەو ئامانجە کۆبکاتەوە.

بەرپرسیاریەتی هێزە سیاسییەکانی بەرەی دووەم، کە یەکێتی سەرەکیترینیانە لەو قۆناغە هەستیارەدا زۆر گەورە و مێژووییە، بەتایبەتی لەوەیاندا کە ئایا هەروەك قۆناغی ڕاپەڕین لەگەڵ پارتی بەشداری دەکات لە وەرچەرخانێکی تازە لە مێژووی بزاڤی سیاسیی کوردستان و گەیشتن بە قۆناغی سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنی، یان ئەوەتا لە ژێر کاریگەری فشارە جیاوازەکان ڕێڕەوی ئاڕاستەی خۆی دەگۆڕێت.

---

***ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان.**



ئەماتزیا بارام پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی عێراقییە لە زانکۆی حەیفا لە ئیسرائیل، هەروەها پێشتر بەڕێوەبەری سەنتەری جوولەکە- عەرەب و ئامۆژگای دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لەم زانکۆیە. پرۆفیسۆر ئەماتزیا لە بارەی عێراق و کەنداوەوە راوێژ و راسپاردە دەداتە حکومەتەکانی ئیسرائیل (لە ساڵی ١٩٨٠ـەوە) و ئیدارەکانی ئەمەریکا (لە ساڵی ١٩٨٦ـەوە). بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لە ئاست عێراق و پرسی رزگارکردنەوەی موسڵ و بابەتی سەربەخۆبوونی کوردستان، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

## ئەماتزیا بارام

### بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی عێراقی لە زانکۆی حەیفا بۆ گوڵان:

# کورد بە سەرکەوتوویی تاقیکردنەوەی یەکەمی تێپەڕاند و دەبێت خۆی بۆ قۆناخی سەربەخۆیی ئامادە بکات

*** چۆن لە سیاسەتی ئەمەریکا دەڕوانیت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە پێوەندی بە بەرپەرچدانەوەی داعش، هەروەها بۆچوونی ئێوە چییە لەبارەی ئەو تێڕوانینەی پێیوایە ئەمەریکا تەنیا مامەڵە لەگەڵ دەرهاویشتەی کێشەکاندا دەکات، نەك ریشەی ئەو کێشانە؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام، ئەمەریکا هەوڵی تێکشکاندنی داعش دەدات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئامانجێکی باشە و خزمەت بە هەموو عێراقییەکان دەکات، واتە لە بەرژەوەندی کورد و شیعە و تەنانەت سوننەشدایە، بەڵام ئەمە نابێتەهۆی کۆتاییهێنان بە کێشەکە، چونکە ئەمە وەك ئەوە وایە کەسێك تای هەبێت و هەوڵ بدەیت تایەکەی دابەزێنیت، تۆ کارێکی باش دەکەیت، بەڵام نەتتوانیوە نەخۆشییەکەی چارەسەر بکەیت. لە عێراقیشدا کێشەی سەرەکی بەغدایە و عەبادی -یش مالیکی نییە، ئەوەی لێی دڵنیاین ئەوەیە کە عەبادی دەیەوێت کارێکی باشتر لە مالیکی بکات، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی و پێویستی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، چونکە چەندین میلیشیای شیعە هەن کە بەرهەڵستی سازشکردنن بۆ کورد و بۆ سوننە، لەوەش زیاتر، ئێران دژی ئەوەیە عەبادی سازش بۆ کورد، یان سوننە بکات، ئەمەریکا توانای ئەوەی نییە بۆ ئەنجامدانی کاری راست و دروست فشار لەسەر بەغدا بکات. تەنانەت ئەگەر بتوانێت موسڵیش رزگار بکات- کە رەنگە ٦ مانگی دیکە یان ساڵێکی دیکە رزگاری بکات، ئەگەرچی لە کۆتاییشدا هەر رزگار دەبێت-، ئەوا ئەگەر کێشەی نێوان بەغدا و هەولێر و بەغدا و عەرەبی سوننە چارەسەر نەکات، ئەوا لە ئایندەدا کێشەی دیکە دروست دەبێت.

**تەنیا دەوڵەتێک هەبێت کە بتوانێت پارێزگاریتان لێبکات و بتانپارێزێت، ئیسرائیلە، بە دڵنیاییەوە پشتیوانیتان دەکات، ئیسرائیل دەتوانێت لە رووی سیاسییەوە هاوکاریتان بکات، بەڵام لە رووی داراییەوە ناتوانن، چونکە خاوەنی داراییەکی زۆر نین**

**دەبێت ئەوەتان لەبیر نەچێت کە ئێوە وەک ئیسرائیل گەلێکی بچووک و وڵاتێکی بچووکن- من باسی هەرێمی کوردستان دەکەم- و پشت بە ئەوروپا و ئەمەریکا دەبەستن و دەبێت پێوەندیی بەردەوامتان لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپا هەبێت**

**ئێوە باکووری موسڵتان تا نزیکەی سنووری سووریا رزگارکردووە، واتە بە خوێنی خۆتان ئەم کارەتان کردووە و ئەوە خوێنی کورد بووە رێگری لە داعش کردووە، کە دەبێت لەگەڵ بەغدا بکەونە گفتوگۆ لەسەر ئەوەی چ بەشێکی ئەو ناوچانە بە دەست ئێوەوە بێت**

**ئێستا بەرژەوەندی کورد لەوەدایە کە ئەوەندەی دەکرێت پێوەندی ئابووری و سیاسی باشتان لەگەڵ تورکیادا هەبێت و هاوکاری پەکەکە نەکەن**

*** پێشبینی دەکرێت لە شەڕی گرتنەوەی موسڵدا نزیکەی ٥٠٠ هەزار ئاوارە رووبکاتە هەرێمی کوردستان، ئایا ئەمەریکا پلانی ئەوەی هەیە بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان هاوکاری کوردستان بکات؟**

- ئەمەریکا دەبێت دوو شت بکات- من نازانم ئایا ئەمەریکا ئەم کارە دەکات، یان نا، بەڵام بە تێڕوانینی من دەبێت ئەنجامیان بدات-، یەکەمیان بریتییە لە دەستەبەرکردنی چەك و تەقەمەنی زیاتر بۆ پێشمەرگە، چونکە پێشمەرگە بەشێك دەبێت لە هێزی رزگارکردنەوەی موسڵ. دووەم، من دەزانم ئەمەریکا کێشەی ئابووری هەیە و قەرزێکی نیشتمانیی زۆری لەسەرە، بەڵام دەبێت کار بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی لە ناو ئەمەریکا و سعودیە و وڵاتانی کەنداو بکات بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان لە نێوان ١,٥ بۆ ١,٨ ملیۆن کەس دەبێت. منیش هاوڕام کە لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی موسڵدا بە سەدان هەزار کەسی دیکە ئاوارە دەبن کە دەبێت هاوکارییان بۆ دەستەبەر بکرێت. خۆ ئەگەر هاوکاری نەکرێن، ئەوا دۆخێکی زۆر دژوار دروست دەبێت. بڕوانن لە ئێستادا ئەوروپا هەوڵی یارمەتیدانی ئاوارەکانی سووریا دەدات، لەم رووەوە هاوکاری دارایی تورکیاشی کردووە، کە باوەڕیشم نییە سەرکەوتوو بێت، بەڵام پێویستە ئەم کارە بکەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا هیچ کارێکی نەکردووە لەم رووەوە، یان کارێکی زۆر کەمی کردووە و تەنیا ئەوە بڕە هاوکارییەیە کە دەیداتە نەتەوە یەکگرتووەکان. لەبەر ئەوە دەبێت ئەمەریکا لە ئێستادا ئەم کارە نەخاتە هەفتە و مانگەکانی داهاتوو، پێویستە دەست بکات بە کۆکردنەوەی ئەو کۆمەکە داراییە، بە دەوڵەتە عەرەبییە دەوڵەمەندەکانیشەوە بۆ هاوکاریکردنی ئاوارەکان، چونکە ئەو ئاوارانە عەرەبی سوننە دەبن، نەك شیعە و کورد، ئیدی بۆچی دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکانی کەنداو هاوکار نەبن، ئەمە زۆر گرنگە.

*** ئێمە دەزانین کە حاڵی حازر سوپایەکی نیشتمانی لە عێراقدا نەماوە، هەروەها لە ئەگەری بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە پرۆسەی گرتنەوەی موسڵ ئەوا بە هەمان شێوەی ناوچەکانی دیکە کە لە دەست داعش رزگار کران، کارەساتی مرۆیی و پاکتاوی نەژادی روودەدات لەسەر دەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، پرسیارەکە ئەوەیە دوای لەناوبردنی داعش لە عێراقدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم میلیشیایانەدا دەکرێ؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، بەڵام دەرفەت بدەن زانیارییەکتان بۆ راست بکەمەوە، لە عێراقدا سوپا ماوە، راستە سوپایەکی باش نییە، راستە خۆشحاڵ نییە کاتێك بەرەو شەڕ دەچێت و تەنیا خوازیاری وەرگرتنی مووچەکانیانن، بەڵام هێشتا ئەو سوپایە بوونی هەیە، سوپایەك نییە دژ بە کورد، یان دژ بە سوننە بێت، راستە بەشی زۆری سوپاکە لە شیعە پێکهاتوون و ئەمە باشترین سوپا نییە، بەڵام مامەڵەشی لەگەڵ خەڵکدا خراپ نییە و پێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕ. من ئاگاداری ئەوەم و لە نیویۆرك تایمزدا خوێندوومەتەوە کە عەبادی پێداگیری کردووە لەسەر ئەوەی دەبێت هەندێ لە ئەفسەرە سوننەکان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکەی موسڵ بکەن و من ئەو ئەفسەرانە دەناسم و ئەوانە ئەفسەری باشن. لەبەر ئەوە سوپای عێراق شەڕ دەکات، هەرچەندە نازانم چەند بە باشی شەڕ دەکات. لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە کە داعش موسڵی داگیرکرد، راسپاردەی من بۆ ئەمەریکا ئەوە بووە کە بە میلیشیای شیعە ناوچە سوننەکان رزگار نەکەنەوە، چونکە ئەگەر ئەم کارە بکەن، دۆڕان دەبێتە چارەنووسیان، لەبەر ئەوەی ئەم میلیشیایانە کۆنترۆڵ ناکرێن و هەر کارێك ئەنجام دەدن کە بیانەوێت و دەکرێت تاوان ئەنجام بدەن و دڵڕەقانە رەفتار بکەن، هێشتا هەمان راسپاردەم بۆ ئەمەریکا هەیە و دەبێت موسڵ لەلایەن سێ هێزی سەربازییەوە رزگار بکرێت، یەکەمیان لەلایەن سوپای عێراقەوە کە ئەمەریکا مەشقی پێدەکات و ئەوەندەی دەکرێت دەبێت ئەفسەرە سوننەکان فەرماندەیی بکەن. هێزی دووەم پێشمەرگەیە. سێیەم ئەوەیە کە دەبێت ئەمەریکا و عەبادی قەناعەت بەو خێڵە سوننییانە بکەن کە دەزانن چۆن شەڕ بکەن بۆ ئەوەی بچنەپاڵ سوپای عێراق بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لە رزگارکردنی موسڵدا. حاڵی حازر چەند خێڵێکی سوننی کەم وەك هۆزی ئەلبونمر، بەتایبەتی لە هیت و هەندێ شوێنی روومادی لەگەڵ سوپای عێراق و ئەمەریکیدا کاردەکەن، هەروەها ئەلبومەحەل، کە ئەوانە لە ناوچەی قائیمن لە سەر سنووری سووریا و کار لەگەڵ ئەمریکییەکان دەکەن، ئەمە زۆر گرنگە. کەواتە دەبێت ئەمەریکا قەناعەت بە عەبادی بکات کە کار لەگەڵ ژمارەیەکی زیاتری ئەم خێڵانەدا بکات بۆ رزگارکردنی موسڵ. چونکە ئەگەر سوپای عێراق و خێڵە سوننەکان و تا

رادده‌یه‌ك پێشمه‌رگه ئه‌م شاره رزگار بكه‌ن، ئه‌وا به بۆچوونی من كاره‌ساتی مرۆیی و تاوانی جه‌نگ روونادەن. به‌ڵام ده‌بێت ئه‌مه‌ریكا چه‌ك بداته ئه‌و خێڵه سوننییانه، چونكه ئه‌گه‌ر ئاماده‌ی شه‌ڕكردن بن، ئه‌وا پێویسته هاوكارییان بكه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی شه‌ڕ بكه‌ن، به‌ڵام ده‌بێت به ئه‌ندازه‌یه‌كی زیاتر چه‌ك به پێشمه‌رگه بدات، چونكه پێشمه‌رگه له هه‌موو شوێنێك رووبه‌ڕووی داعش ده‌بێته‌وه. كوردستان سه‌لماندی كه بوونی هه‌یه و ده‌توانێت بمێنێته‌وه و شوێنێكه بۆ ژیان، كوردستان تاقیكردنه‌وه‌ی یه‌كه‌می به سه‌ركه‌وتوویی تێپه‌ڕاند، ئه‌مه‌ش مایه‌ی هاندانه، خۆ ئه‌گه‌ر سه‌رۆكی داهاتوو، یان ئیداره‌ی داهاتووی ئه‌مه‌ریكا بیری له‌وه كرده‌وه- كه ساڵێكی دیكه بیر له‌مه ده‌كه‌نه‌وه- بیرۆكه‌یه‌كی باشه هاوكاری كوردستان بكه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی سه‌ربه‌خۆ بێت، چونكه ئه‌گه‌ر ددانی پێدا بنێن، ئه‌وا هاوكاریشی ده‌كه‌ن.

*** له ساڵی ٢٠٠٦دا كاتێك جۆ بایدن سیناتۆر بوو، بیرۆكه‌ی دابه‌شكردنی عێراقی بۆ سێ به‌ش خسته‌ڕوو، ئێستاش كه جێگری سه‌رۆكی ئه‌مه‌ریكایه و سه‌رپه‌رشتیی فایلی عێراق ده‌كات، ئایا باشتر نییه پشتیوانی جیابوونه‌وه‌ی ئاشتییانه‌ی عێراق بكات؟**

- ئه‌مه پرسیارێكی باش و سه‌ره‌كییه، به‌ڵام له ئێستادا ئه‌مه مومكین نییه و ئه‌م ئیداره‌یه ته‌نیا كه‌متر له ساڵێكی ماوه له ده‌سه‌ڵاتدا و هیچ بڕیارێكی پێنادرێت، ئێمه‌ش باسی ئاینده ده‌كه‌ین. جۆ بایدنیش بۆچوونی گۆڕاوه. له ساڵی ٢٠١٠دا هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كرا و عه‌للاوی براوه بوو- لیستی یه‌كه‌م له په‌رله‌مان- و مالیكی دووه‌م بوو، ئه‌و كاته ئیداره‌ی ئۆباما هه‌ڵه‌یه‌كی گه‌وره‌ی كرد كه پشتیوانی مالیكی كرد، من ناڵێم ئه‌گه‌ر پشتیوانی عه‌للاوی بكردایه ده‌بووه سه‌رۆك وه‌زیران، به‌ڵام ده‌بووه به‌شێكی گرنگ، یان راسته‌قینه له حكومه‌ته‌كه، به‌ڵام به پشتكردن له عه‌للاوی چووه پاڵ ئێران و پشتیوانی مالیكی كرد، به‌مه‌ش داعشیان دروست كرد، چونكه مالیكی زۆر خراپ ره‌فتاری كرد. له ئێستادا، باشترین بڕیارێك كه له‌لایه‌ن سه‌رۆكی داهاتووی ئه‌مه‌ریكاوه- كۆماری بێت، یان دیموكراتی- بدرێت بڕیارێكی زۆر ساده ده‌بێت، كه ده‌بێت به سه‌رۆك وه‌زیرانی عێراق رابگه‌یه‌ندرێت كه ئه‌گه‌ر تێڕوانینی ئێمه جێبه‌جێ بكه‌یت، ئه‌وا به هه‌موو شێوه‌یه‌ك هاوكاریت ده‌كه‌ین، به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه ئه‌گه‌ر پێشنیاره‌كه‌مان ره‌تبكه‌یته‌وه، ئه‌وا به هیچ شێوه‌یه‌ك هاوكاریت ناكه‌ین. به‌ڵام له ئێستادا كه‌س نازانێت چ ده‌گوزه‌رێت، هه‌موو بڕیاره‌كان له لایه‌ن به‌غداوه ده‌درێن كه زۆربه‌ی ئه‌و بڕیارانه‌ش له تارانه‌وه ده‌رده‌چن. هه‌روه‌ها ده‌بێت هه‌رێمی كوردستان پارێزگاری له پێشمه‌رگه بكات، هه‌روه‌ك چۆن هه‌رێمه سوننییه‌كه گاردی نیشتمانی خۆی هه‌بێت، به‌ڵام ده‌بێت پێشمه‌رگه به‌هێزتر بێت و پڕچه‌كتر بێت، چونكه ئێوه چه‌ندین ساڵه دووچاری سه‌ركوتكاری عه‌ره‌ب بوونه‌ته‌وه و پێویسته ئه‌منییه‌تی خۆتان بپارێزن، كه‌واته ئه‌م هه‌رێمانه ده‌سه‌ڵاتیان ده‌بێت و حكومه‌تی مه‌ركه‌زییش ده‌سه‌ڵاتی ده‌بێت، وه‌ك ده‌سه‌ڵاتی به سه‌ر دراوی وڵاته‌كه‌دا و چه‌ند ده‌سه‌ڵاتێكی دیكه كه له فیدراڵییه‌تدا هه‌یه، یاخود ره‌نگه ئێوه ناوی بنێن كۆنفیدراڵی. كه‌واته ئه‌گه‌ر عێراق به‌مه رازی بوو، ئه‌وا ده‌بێت له‌لایه‌ن ئه‌مه‌ریكا و ئه‌ورووپا و وڵاته عه‌ره‌بییه‌كانه‌وه هاوكاری بكرێت، خۆ ئه‌گه‌ر به‌غداش رازی نه‌بوو، ئه‌وا من هیچ چاره‌سه‌رێك به‌دی ناكه‌م جگه له دابه‌شبوونی بۆ سێ ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ. به‌ڵام پرسێكی گرنگتان له بیرنه‌چێت، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه كاتێك ئێوه‌ی كورد سه‌ربه‌خۆ بوون و وه‌ك ئه‌ندامی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كانیش قبووڵ كران، ئه‌وا پێویسته پێوه‌ندییه‌كی باشتان له‌گه‌ڵ به‌غدا و له‌گه‌ڵ توركیا هه‌بێت، چونكه رێگا و ده‌روازه‌تان بۆ سه‌ر ده‌ریا له رێی عێراق، یان توركیاوه ده‌بێت. كاتێك ده‌یڤید بن گۆریون بڕیاری دا كه ئیسرائیل وه‌ك ده‌وڵه‌تێكی سه‌ربه‌خۆ رابگه‌یه‌نێت له ساڵی ١٩٤٨ ئه‌وه‌ی ده‌زانی كه پشتیوانی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كانی له‌گه‌ڵدا ده‌بێت، هه‌روه‌ها ده‌یزانی كه عه‌ره‌ب له رووی سه‌ربازییه‌وه له ئیسرائیل به‌هێزتره- له رووی چه‌ك و تفاق و مه‌شقه‌وه-، به‌ڵام ده‌یزانی كه به خێرایی دۆخی جوو باشتر ده‌بێت و له رێی ده‌ریای ناوه‌ڕاسته‌وه چه‌كی پێده‌گات. به‌ڵام ئێوه رێگه‌تان نییه بۆ سه‌ر ده‌ریا، وه‌ك ئه‌رمینیا، وه‌ك نه‌مسا، به‌ڵام ئه‌م دوو وڵاته پێوه‌ندی باشیان هه‌یه له‌گه‌ڵ دراوسێكان، ته‌نانه‌ت سه‌ره‌ڕای كۆمه‌ڵكوژیی ئه‌رمینییه‌كان له ساڵی ١٩١٥ ئه‌وا ئه‌رمینیا پێوه‌ندی باشی له‌گه‌ڵ توركیا هه‌یه. كه‌واته ئه‌گه‌ر كوردستان ده‌یه‌وێت ئیداره‌ی داهاتووی ئه‌مه‌ریكا تاوتوێی سه‌ربه‌خۆیی كوردستان بكات، ده‌بێت پێوه‌ندی باشتان له‌گه‌ڵ توركیا و عێراق هه‌بێت، چونكه پێویستتان پێیانه. سوننه‌ش هه‌مان كێشه‌ی هه‌یه كه رێگای نییه بۆ سه‌ر ده‌ریا، واته له حاڵه‌تی سه‌ربه‌خۆبوونی سوننه‌دا، له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌گه‌ر من له جێی سیاسییه سوننه‌كان

**ئێران هه‌میشه هه‌ڕه‌شه له ئێمه ده‌كات كه وڵاته‌كه‌مان وێران ده‌كات و خه‌ڵكه‌كه‌مان ده‌كوژێت، به‌ڵام ئه‌مه جێی پێكه‌نینه، ئێمه دوورین له ئێرانه‌وه، به‌ڵام ده‌بێت ئێوه‌ش په‌یوه‌ندی زۆر نزیكتان له‌گه‌ڵ ئێراندا نه‌بێت، به‌ڵكو په‌یوه‌ندیه‌كی سه‌قامگیرتان له‌گه‌ڵ ئێراندا هه‌بێت كه زۆر جیاواز بێت له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ توركیادا و رێگه نه‌ده‌ن ئێران كاریگه‌ری راسته‌قینه‌ی له‌سه‌رتان هه‌بێت**

**ئه‌و ساته‌وه‌خته‌ی عێراق دابه‌ش ده‌بێت بۆ كوردستان و شیعه‌ستان و سوننه‌ستان، ئه‌وا به‌شه شیعه‌كه به رێژه‌ی له سه‌دا ٩٩ ده‌كه‌وێته ژێر كۆنترۆڵی ئێرانه‌وه، چونكه ئه‌گه‌ر شیعه‌كانی عێراق له كورد و سوننه بترسن، ئه‌وا ده‌ڵێن ئه‌گه‌ر ئێمه نیگه‌رانیش بین له ئێران ئه‌وا ته‌فزیلی ده‌كه‌ین به‌سه‌ر كورد و سوننه‌دا**

**ئه‌گه‌ر بوار بدرێت داعش هه‌ولێر داگیر بكات، ئه‌وا ئه‌مه‌ریكا له رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا كۆتایی هاتووه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كورد باشترین هاوپه‌یمانی ئه‌مه‌ریكایه له نێو جیهانی ئیسلامیدا و ئه‌گه‌ر نائومێدیان بكه‌ن، ئه‌وا جارێكی دیكه هیچ كه‌س و لایه‌نێك متمانه به ئه‌مه‌ریكا ناكه‌ن**

بم، ئەوا گفتوگۆم لەگەڵ ئەردەن و شا عەبدوڵا دەکرد و داوام لێدەکردن کە دەوڵەتەکە ڕێڕەوێکی هەبێت بۆ سەر دەریا لە ڕێی وڵاتی ئێوەوە، هەروەها داوام لە ئیسرائیلیش دەکرد کە بواری پێبدات لە ڕێی ئیسرائیلەوە بگاتە دەریای سپی ناوەڕاست، بەڵام کورد ناتوانێت ئەم کارە بکات، نەك لەبەر ئەوەی ئیسرائیل ڕەتی دەکاتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئێوە لە ڕووی خاکەوە -وشکانییەوە- بە ئیسرائیلەوە گرێ نەدراون، خۆ ئەگەر بتانەوێت ئەم کارە بکەن، ئەوا دەبێت دەوڵەتە سوننەکە ڕێگەتان پێبدات.

*** ئایا پێتانوایە فەرامۆشکردنی عێراق لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی ئێران پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە عێراقدا و بتوانێت هیلالی شیعە تەواو بکات و ئەمەش سەریکێشاوە بۆ ململانێ و ناکۆکیی تایفەگەری زیاتر لە ناوچەکەدا؟**

- دوایین جار کە لەگەڵ ئەمەریکیەکان کۆبوبێتمەوە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١٤ بوو، کە مانگێك بوو داعش موسڵی داگیرکردبوو، لە هەندێ پرسدا هاوڕابووین و لە هەندێکیشدا جیاواز بووین، من پێمڕاگەیاندن کە ئێستا ئەم داعشە سەرەڕۆیانە هێرش دەکەنەسەر هەولێر و کورد لە مەترسییەکی بەپەلەدایە و دەبێت هەر ئێستا و لەم ساتەوەختەدا پشتیوانی سەربازی بۆ کورد بنێرن، لە نێویاندا هێزی ئاسمانی، چونکە نابێت ڕێگە بدرێت داعش هەولێر داگیر بکات، نابێت بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بەمە بدرێت، چونکە ئەگەر بوار بدرێت داعش هەولێر داگیر بکات، ئەوا ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆتایی هاتووە، لەبەر ئەوەی کورد باشترین هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە نێو جیهانی ئیسلامیدا و ئەگەر نائومێدیان بکەن، ئەوا جارێکی دیکە هیچ کەس و لایەنێك متمانە بە ئەمەریکا ناکەن. هەروەها پێموتن ئەگەر ئەو هاوکارییە زۆر نەبێت، ئەوا کورد هەولێر لە دەست دەدات. من قسەم لەگەڵ یەکێك لەو کەسانەدا کرد کە بڕیاریان دەردەکرد، کە ناتوانم ناوەکەی بدرکێنم، ئەویش پێیوتم ئەوەی تۆ دەیڵێیت تەواو ڕاست و دروستە و لە ماوەی ڕۆژێکدا پشتیوانی ڕەوانە کرا بۆ ئێوە- دەکرێت بڵێین کەمە و پێویستمان بە هاوکاری زیاترە- بەڵام ئەوەی کرا بووە هۆی ڕزگارکردنی کوردستان. کورد ئەدایەکی باشی هەبوو، بەڵام لەو کاتەدا ئامادەی شەڕ نەبوون، ئەمە وەك ئەو حاڵەتە بوو کە ئیسرائیل بەسەریدا هات لە بەرامبەر میسردا لە شەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا، کە ئیسرائیل ئامادەی شەڕ نەبوو، میسر زۆر نزیك بوو لەوەی شەڕەکە بباتەوە. ئێوەش لە هەمان حاڵەتدا بوون. کەواتە ئەو کەسە سەد دەر سەد هاوڕا بوو لەگەڵمدا، دواتر من پێموت کە پێویستە بە مالیکی بڵێن- کە ئەو کاتە هێشتا سەرۆك وەزیران بوو- ڕێگەتان بدات یارمەتی زیاتری کورد بدەن، بەڵام ئەگەر مالیکی ڕازی نەبوو، ئەوا هیچ هاوکارییەکی مەکەن و پێی ڕابگەیەنن تەنانەت ئەگەر بەغداش کەوتە دەست داعش، ئەوا کێشەی خۆتە. من ئەمەم بەو کەسە ڕاگەیاند. بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتی: ئێران ئەم کارە دەکات و منیش ڕامگەیاند مالیکی لە زۆر ڕووەوە لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندایە و ئێوەش دەستڕۆیشتوویەکی کەمتان لەسەر مالیکی هەیە. وەك بوونی ئەو هەموو میلیشیا و بوونی سوپای قودس و قاسم سلێمانی لە عێراق، واتە ئێوە هیچ دەستڕۆیشتوییەکتان لە بەغدا نییە و ئەمە دەرفەتە بۆ ئەوە کاریگەریتان هەبێت لەسەر بەغدا. بەڵام پێیوتم بڕوانە پرۆفیسۆر بارام، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا ئێمە ناتوانین ڕێگە بدەین داعش بەغدا داگیربکات و دەبێت کار لەگەڵ ئێراندا بکەین، منیش وتم ئاساییە، بەڵام کاتێك کار لەگەڵ ئێران دەکەن، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران ئەوەندەی دیکە بەهێز بێت لە بەغدا. بەڵام مالیکی زۆر خراپ ڕەفتاری کرد و ئەمەریکاش ناچار بوو دووری بخاتەوە لە دەسەڵات. باشە با بپرسین بۆچی من پێموایە چارەسەری دوورمەودا ئەوەیە عێراق وەك یەك دەوڵەت بمێنێتەوە- ئەگەر بە نامەرکەزی بکرێت و لە فۆرمی فیدراڵییەت، یان کۆنفیدراڵیدا بێت-، چونکە ئێوە و سوننەکان کاریگەریتان دەبێت لەسەر پرۆسەی بڕیاردان لە بەغدا- کە دەبێت وەك بەشێك لە ڕێککەوتنەکە ئەم کاریگەرییەتان هەبێت-، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری ئێران لەسەر عێراق. بەڵام ئەو ساتەوەختەی عێراق دابەش دەبێت بۆ کوردستان و شیعەستان و سوننەستان، ئەوا بەشە شیعەکە بە ڕێژەی لە سەدا ٩٩ دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئێرانەوە، چونکە ئەگەر شیعەکانی عێراق لە کورد و سوننە بترسن، ئەوا دەڵێن ئەگەر ئێمە نیگەرانیش بین لە ئێران ئەوا تەفزیلی دەکەین بەسەر کورد و سوننەدا، چونکە نازانین چیمان بەسەر دەهێنن. لەبەر ئەوەی پێیان باشترە سوپای ئێران لە وڵاتەکەیاندا بێت و پارێزگارییان لێبکات.

**کاتێک ئێوەی کورد سەربەخۆ بوون و وەک ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش قبووڵ کران، ئەوا پێویستە پێوەندییەکی باشتان لەگەڵ بەغدا و لەگەڵ تورکیا هەبێت، چونکە ڕێگا و دەروازەتان بۆ سەر دەریا لە ڕێی عێراق، یان تورکیاوە دەبێت**

**لە ئێستادا کەس نازانێت چ دەگوزەرێت، هەموو بڕیارەکان لەلایەن بەغداوە دەدرێن کە زۆربەی ئەو بڕیارانەش لە تارانەوە دەردەچن**

**ئەگەر سەرۆکی داهاتوو، یان ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا بیری لەوە کردەوە- کە ساڵێکی دیکە بیر لەمە دەکەنەوە- بیرۆکەیەکی باشە هاوکاری کوردستان بکەن بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت، چونکە ئەگەر ددانی پێدا بنێن، ئەوا هاوکاریشی دەکەن**

**لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە کە داعش موسڵی داگیرکرد، ڕاسپاردەی من بۆ ئەمەریکا ئەوە بووە کە بە میلیشیای شیعە ناوچە سوننەکان ڕزگار نەکەنەوە، چونکە ئەگەر ئەم کارە بکەن، دۆڕان دەبێتە چارەنووسیان**



*** دواوتەتان چییە؟**

درێژە بە پێوەندییەکانتان بدەن لەگەڵ تورکیادا، کە ئێستا لە پێوەندی باشدان. راستە ئەردۆغان هەندێ جار دژی ئیسرائیل قسە دەکات و من وەك ئیسرائیلییەك لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەردۆغان نیم، بەڵام ئێمە لێرەدا باسی ئەوە دەکەین کە چی لە بەرژەوەندی کورددایە، ئێستا بەرژەوەندی کورد لەوەدایە کە ئەوەندەی دەکرێت پێوەندی ئابووری و سیاسی باشتان لەگەڵ تورکیادا هەبێت و هاوکاری پەکەکە نەکەن- کە دەزانم ئەم کارە ناکەن-، واتە ئێوە سەرقاڵی کاری خۆتان بن و پێوەندی زۆر باشتان لەگەڵ تورکیادا هەبێت. ئێران هەمیشە هەڕەشە لە ئێمە دەکات کە وڵاتەکەمان وێران دەکات و خەڵکەکەمان دەکوژێت، بەڵام ئەمە جێی پێکەنینە، ئێمە دوورین لە ئێرانەوە، بەڵام دەبێت ئێوەش پێوەندی زۆر نزیکتان لەگەڵ ئێراندا نەبێت، بەڵکو پێوەندیەکی سەقامگیرتان لەگەڵ ئێراندا هەبێت کە زۆر جیاواز بێت لە پێوەندی لەگەڵ تورکیادا و رێگە نەدەن ئێران کاریگەری راستەقینەی لەسەرتان هەبێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە پێوەندی ئێوە بە بەغداوە، ئەوا من لەگەڵتاندام کە نابێت دەستبەرداری مافە بنەڕەتییەکانی خۆتان بن. ئێوە باکووری موسڵتان تا نزیکەی سنووری سووریا رزگارکردووە، واتە بە خوێنی خۆتان ئەم کارەتان کردووە و ئەوە خوێنی کورد بووە رێگری لە داعش کردووە، کە دەبێت لەگەڵ بەغدا بکەونە گفتوگۆ لەسەر ئەوەی چ بەشێکی ئەو ناوچانە بە دەست ئێوەوە بێت، ئێوەش لە پێگەیەکی بەهێزدان و دەبێت بەکاری بهێنن. هەمان شت لە بارەی کەرکوکەوە، کە دەبێت سەرەتا هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا بکەن، تورکیا زۆر هەستیارە لە ئاست پرسی کەرکووکدا لەبەر بوونی تورکمانەکان و دواتر بکەونە گفتوگۆ لە بەغدا لەسەر ئەوەی چۆن سازش لەبارەی ئەم پرسەوە بکرێت. بەڵام نابێت دەستبەرداری کۆمەڵێك داواکاری بن. هەروەها دەبێت ئەوەتان لەبیر نەچێت کە ئێوە وەك ئیسرائیل گەلێکی بچووك و وڵاتێکی بچووکن- من باسی هەرێمی کوردستان دەکەم- و پشت بە ئەورووپا و ئەمەریکا دەبەستن و دەبێت پێوەندیی بەردەوامتان لەگەڵ ئەمەریکا و ئەورووپا هەبێت، رەنگە فەڕەنسا باشترین دۆستی ئێوە بێت لە ئەورووپا. ئەوەی پێوەندی بە عەرەبەوە هەبێت، سعودیە و شای سعودیە زۆر دۆستانەن لەگەڵ ئێوەدا، لەبەر ئەوەی ئێوە بە بەربەستێك دەزانن لەبەرامبەر دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا، کە دەبێت کار بکەن بۆ ئەوەی سعودیە لەگەڵتاندا بێت. لەوەش زیاتر، بۆ یەکەمجارە سعودیە دژی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ نییە، هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر ئێوە سەربەخۆ دەبن، ئەوان لە ئێستادا دۆستی ئێوەن و ئێوەش پارێزگاری لەمە بکەن، چونکە زۆر زۆر گرنگە، هەمان شت بۆ ئیمارات و ئەردەن و میسریش راستە. لە کۆتاییدا دەڵێم تەنیا دەوڵەتێك هەبێت کە بتوانێت پارێزگاریتان لێبکات و بتانپارێزێت، ئیسرائیلە، بە دڵنیاییەوە پشتیوانیتان دەکات، ئیسرائیل دەتوانێت لە رووی سیاسییەوە هاوکاریتان بکات، بەڵام لە رووی داراییەوە ناتوانێت، چونکە خاوەنی داراییەکی زۆر نییە، هەروەها لە رووی سەربازیەوە ناتوانێت چونکە رێگایەك نییە بۆ گەیاندنی چەك و تەقەمەنی بە کوردستان.

**ئەمەریکا کێشەی ئابووری هەیە و قەرزێکی نیشتمانیی زۆری لەسەرە، بەڵام دەبێت کار بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی لە ناو ئەمەریکا و سعودیە و وڵاتانی کەنداو بکات بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان لە نێوان ١,٥ بۆ ١,٨ ملیۆن کەس دەبێت**

**چەندین میلیشیای شیعە هەن کە بەرهەڵستی سازشکردنن بۆ کورد و بۆ سوننە، لەوەش زیاتر، ئێران دژی ئەوەیە عەبادی سازش بۆ کورد، یان سوننە بکات، ئەمەریکا توانای ئەوەی نییە بۆ ئەنجامدانی کاری راست و دروست فشار لەسەر بەغدا بکات**

# ئامانجی بارزانی دروستکردنی وتارێکی یەکگرتووە بۆ سەربەخۆیی



سەردارشەریف سندی *

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە حزب و لایەنە جیاوازەکانەوە لە وێستگە جیاجیاکانی مێژووی خەباتی نەتەوەیی، بە هۆی گۆڕانکاری لە هەلومەرجی سیاسیی جیهان و ناوچەکە، هەوڵیان داوە باشترین سوود لەو گوڕانکارییانە وەربگرن، کە وەڵامدەرەوەی خواستە ستراتیژییەکانی نەتەوە بێت و نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد بکات. هەر بویە بە هەڵگرتنی دروشمی «حوکمی زاتی/ئۆتۆنۆمی، یان خۆسەری» دەستیان پێکردووە، کە ئەوەی دواییینیان زیاتر لە باکوور باوە و من پەسەندی ناکەم.

کاتێك حوکمی زاتی و مافی چارەی خۆنووسین بوو بە فۆرمولەیەك لە ناو رۆشنبیر و پێنووس بە دەستانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بووە بەرهەمهێنەری کیبەرکێی رۆشنبیرییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ئاماژەیەك بووە بۆ ئەو راستییە کە ئەگەر لە سیاسەت و رۆشنبیریدا کێبەرکێ و دیموکراسی نەبێت، ئەوا هزر کە سەرەچاوەی داهێنانی بوارەکانی فەلسەفییە و فەلسەفەش بنەمای هەموو زانستێکە، بەرهەم نەدەهات، ئیتر لەم کێبەرکێیە، هەر لایەنێك هەوڵی ئەوەی داوە بە بەڵگە جیاوازەکانی خۆی بە خاوەنی بیروکەکان بزانێت. بەڵام ئەمەش ناکرێت شاراوە بمێنێت، هەتا ئێستاش بو ئێمە ساخ نەبووەتەوە کە کێ لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی کورددا خاوەنی ئەو بیرۆکە ئاماژە پێکراوانەیە!؟

ئەم کێبەڕکێیە هەتا ئێستاش بەردەوامە و چەمك و دروشمی فیدڕالیزم و کردنی بە کردار لە رووی سیاسییەوە بە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستانەوە لکێندراوە. کە دەرئەنجامی بڕیاری جاڕدانەوەی تاکلایەنە لە لایەن پەرلەمانی کوردستان لە سالی ١٩٩٢، هەمان گەرم و گوڕی و ناکۆکی ئێستای پێوەی دیار بوو.

بەداخەوە زۆرێك لە سیاسی و پێنووس بەدەستە بەناو رۆشنبیرەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان تا ئێستاش پرسی سەربەخۆیی کوردستان بە موزایەداتی سیاسیی سەرۆکی هەرێم هەژمار دەکەن، یان دژایەتی ئەنجامدانی ریفراندۆم و دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان دەکەن! بێگومان ئەوانە هیچیان داهێنەرانی هزری فەلسەفی- سیاسی و خاوەنی بیرۆکەی رەسەنی نەتەوەی خۆیان نین، بگرە ئەوانە لەگەڵ ئاوازی موزیکی سیاسی و رۆشنبیری کۆمەڵێك نووسەری شۆڤینیستی لە روژهەلاتی ناوین ساویلکانە سەما دەکەن، بێ ئەوەی لە رەهەندە جیاوازەکانی دژبەرانی نەتەوەی کورد تێبگەن، دەنا کێ دەتوانێت تەنازول لە مافە رەوا و سروشتییەکەی نەتەوەکەی خۆی بکات؟ خاوەنەکانی ئەو بیرۆکە و بۆچوونانە هاوتەریبن لەگەڵ ئەو رەوانگەیە کە سەرچاوەی لە دروستکردنی رق و کینەی بەرهەمهێنراو گرتووە، خاڵی هاوبەشی هەمووشیان دژایەتیکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. ئەوان چاویان ئەوە نابینێت کە سەرۆکی هەرێم بە روانین و وردبوونەوە لە هەلومەرج و دەرفەتەکان و هاوکێشەکانی گۆڕانکاری لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە روژهەڵاتی ناوین و جیهان، بوێرانە باشترین دەرفەتی گواستووتەوە بۆ دروستکردنی رۆژەڤی راگەیاندنی سیاسی و رۆژەڤی دانوستاندن. واتە سەرکردە، لایەنی بەرامبەر ئامادەدەکات بۆ وەڵامدانەوەی خواستەکانی گەلەکەی. سەرۆکی هەرێم توانیویەتی بە باشی شان بدات ژێر ئەو ئەرکە قورسە و وەکو ئامرازی دیپلۆماسی میدیای دەزگاکانی راگەیاندنی هەرێم و جیهان بەکار بهێنێت، وەکو کەناڵێکی دانوستاندن لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان، کە رۆژەڤەکە پێوەندی بە یار و نەیاری کوردەوە هەیە. ئەوانەی خاوەنی بیرۆکەی موزایەداتی سیاسین، باشترە

کەمێك بۆ دواوە بگەڕێنەوە، واتە ساڵی ١٩٩٢ کە گەلی کورد و سەرکردایەتیمان، بە گورگ و حێفتیارەکان دەورە درابووین. هەندێك کەسیش لە واشنگتون، پاریس و لەندەن لە ناو کومەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئەوەیان دەدا وێنەیەك دروست بکەن، گوایە دڵیان بە حاڵی ئێمەی کورد دەسووتێت! بیر لەوە دەکەمەوە، بۆچی دەبێت ئەوانە دڵیان بۆ ئێمە بسووتێت، کە هەر خۆیان رێزی «ئیمزا و واژووی» خۆیان نەگرت، بەرامبەر بەو سوزەی کە لە پەیماننامە واژووکراوەکاندا بە گەلی کوردیان دابوو کە وڵاتێك بۆ کورد لەم ناوچەیەی ئێستا ئاگری گرتووە دروست بکەن. ئەویش بە قەولی خویان بە رێکخستنی ریفراندوم! باوەڕناکەم «پەیماننامەی لوزان و سێڤەر»یان لە بیر بچێت! ماوەی سەدەیەکە، ئەم زلهێزانە، هەر لە سەر نەهجی خۆیانن. نە دیموکراسی، نە جیهانی عەولەمە، نە مافی مرۆڤ و نە سەربەخۆیی کە بابەتەگەلێکی گرینگن بە کوردی رەوا نابینن، کەچی وەکو کالای سیاسی بە جیهانی دەفرۆشن..

ئەگەر دیموکراسی، مافی مرۆڤ و مافە نەتەوییەکان و دەنگی هاووڵاتی، بنەمای شەرعییەت و یاسادانان و مافدارێتییە لە سەر ئاستی جیهانی پێشکەوتوو، ئەوا دەبێت لە ئێستا بەدواوە ئەو دەستەواژەیانە هەم لە رووی تیۆری و هەمیش لە رووی کردارییەوە شمولی گەلی کوردیش بکات. واتە رێکخستنی ریفراندۆم، و دەرئەنجامەکانی، دەبێت رێخۆشکەر بێت بو جاڕدان و سەرڕاستکردنی «یەکسانیی مافدارێتی» کە ماوەی سەدەیەکە لە کورد زەوت کراوە. واتە هاوشێوەی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، دەبێت سەرەوەریی نەتەوەیی بۆ کوردیش بگەڕێتەوە. ئەمەش چیمان پێدەڵێت و چیمان لێ دەخوازێت؟ بێگومان کورد بۆ ئەوەی نەبێتە قوربانیی لۆزان و سێڤەرێکی دیکە، دەبێت پشت بە تواناکانی خۆی و یەکدەنگی و یەکگرتووی ناوخۆیی ببەستێت.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو پەیامەی سەرەوە، پێویستە ئاوڕێك لەوە بدەینەوە کە چەسپاندنی فیدراڵیزم لە دەستووری عێراقدا شتێکمان پێدەڵێت، ئەوەیش ئەوەیە کە یەکگرتوویی کورد و بوونی مەرجەع تەنیا رێگای بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتە بوو بۆ کورد لە عێراق. ئەگەر یەکگرتوویی کورد و بوونی مەرجەع کە سەرۆك بارزانی و سەرۆك تالەبانی بوون، کە هەردووکیان رەمزی شورشگێڕیی نەتەوەی کوردن، نەبووایە، لە کاتی دانوستاندنەکانی یاسایی عێراق لە ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٥، ئەوا بە فیدراڵی نەدەگەیشتین.

پیتر گالبریس لە پەرتووکە بە ناو بانگەکەی (کۆتایی عێراق)، دانوستاندنەکانی دەستووری عێراقی بە شێوەیەکی زیندوو وێنا کردووە. دەبێت سەرەنج بو ئەو «کلیپە» راکێشرێت، کاتێك برێمەر، وەکو دەسەڵاتداری عێراق، بە سواری هەسپێکی راونەکراوی «تێکساس»ی خۆی گەیاندە پیرمام، وایدەزانی لە پیرمام بە چەپڵەلێدان پێشەوازی لە پروژە دەستوورییەکەی دەکرێت، کە ئەویش بێمافکردنی کورد بوو لە عێراق! ئەو لە رووی زانیاری تایبەت بە مێژوی روژهەڵات و عێراق و کورد ناشارەزا و ساویلکە بوو، بۆیە دوور لە راستیی ژینگەی عێراق، پێشنیاری بە چۆکداهاتنی کوردی دا، بەڵام ئەوە سەرۆك بارزانی بوو کە لەو مەسیف ـەی سەفین ـی لە پشتە سازشی لە سەر مافە رەواکانی نەتەوەکەی نەکرد. سەرۆکی هەرێم بە سوودوەرگرتن لە راگەیاندنی ناوخۆ و دەرەکی هەتا ئێستاش پێداگری لەسەر مافی زەوتکراوی کور دەکات، هەر ئەمەش وایکردووە بە فیتی نەیارانی ئەو مافە رەوایە شەڕێکی بەردەوامی راگەیاندنی لەگەڵ بکرێت، کە تەنیا یەك ئامانجی هەیە، ئەویش پێداچوونەوە بە هەلوێستی سیاسی بەرامبەر بە پرسی ریفراندۆم و مافی سەربەخۆیی کوردە، بەڵام ئەوە لە لای سەرۆك هێڵی سوورە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی کۆبوونەوەی کورد لە دەوری گوتاری سیاسیی هاوبەش و هاودەنگ دەدات، بۆ ئەوەی دەرفەتەکە لە کیس نەچێت.

سەرکەوتنی بارزانی لەوەدایە کە توانیویەتی لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ بە کەمپێنی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، بابەتەکە لە رۆژەڤی راگەیاندنەوە، بیکاتە بابەتی گەرم و گوڕی دانوستاندنەکان لە سەر ئاستی ناوخوی عێراق و ناوچەکە و جیهان، ئەوەشی سەلماندووە کە «سایکس پیکۆ تەنیا بەوە لە ناو دەچێت، کە کورد دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت». سەرۆك بارزانی لە دیدارێکیدا لەگەڵ کەناڵی «سکای نیوز» رووداوەکانی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و شڵەژاوبوونی عێراقی وەکو دەوڵەت، بە باشی تاوتوێ کرد و جەختی لەوە کردەوە کە ئەو عێراقەی ئێستا لە سەر دەستی کورد بزمارەکان لە تابووتەکەی نادرێت، بەڵکو ئەوە هزر و بیرۆکەی پاوانخوازیی دەسەڵاتداری و داگیرکاری عەرەبییە کۆتایی بە یەکگرتووی عێراق دەهێنیت. ئەوەشی دووپات کردەوە کە کورد تاوانبار نییە و ئەوەی لە سەرشانی ئەرك بووە، بە زیادەوە کردوویەتی بو پێشخستن و رێکخستنی ناوماڵی عێراق، بەڵام کورد بۆ رزگارکردنی عێراق عەسای مووسای پێ نییە.

**سەرکەوتنی بارزانی لەوەدایە کە توانیویەتی لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ بە کەمپێنی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، بابەتەکە لە رۆژەڤی راگەیاندنەوە، بیکاتە بابەتی گەرم و گوڕی دانوستاندنەکان لە سەر ئاستی ناوخوی عێراق و ناوچەکە و جیهان**

**کورد بۆ ئەوەی نەبێتە قوربانیی لۆزان و سێڤەرێکی دیکە، دەبێت پشت بە تواناکانی خۆی و یەکدەنگی و یەکگرتووی ناوخۆیی ببەستێت**

---

***توێژەری دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- زانکۆی دهۆك**